No.: (3)
January
2018

# هەواڵی خۆش

گۆڤارێکی وەرزی ڕوناکیریی گشتییە
ژمارە (3) کانونی دووەمی 2018


## سەرۆك مام جەلال
ڕابەری نەتەوەیی






خۆرێك لە دەم ئاسۆی گەلەوە
هەڵات و ئاویتەی مرۆڤ بوو

## شەهێن جەمال



لە لوتکەی
هونەریدا



دیدەنی عیسا
لەلایەن کوردەوە

داب و نەریتی فۆلکلۆری
جەژنی کریسمس لە جیهاندا

جینۆسایدکردنی
کورد

خەڵك و
دەسەڵات و
ئۆپۆزسیۆن!



هەواڵی خۆش
گۆڤارێکی وەرزی
ڕوناکیریی گشتییە
ژمارە (3) کانونی
دووەمی 2018

مرۆڤ تەنها بەنان ناژێت.. بەڵکو بەهەر وشەیەک
MAN DOES NOT LIVE BY BREAD ALONE, BUT MAN LIVES BY EVERYTHING

خاوەنی ئیمتیازو
سەرنووسەر:
سابیری سەندیکا

دەستەی نوسەران:
ڕەزا گاور
سۆنیا پەترۆس
شوان کەریم
هەردی سەردار قادر

دیزاین: جەلیل حسێن
HD Design

ژمارەی سپاردن: ٤٤٧
چاپخانە: بینایی
تیراژ: ٥٠٠

ناونیشان: کوردستان

# ئاگاداری

گۆڤاری ((هەواڵی خۆش )) ئامێزی کردۆتەوە بۆبابەتی ئەونووسەرانەی دەیانەوێت بەبەرهەمەکانیان بەشداری لەگۆڤارەکەماندا بکەن.

بەهاوکاریان شادومان دەبێن، لەکاتی نووسینەکاندا ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگرن:

- ناونیشانی تەوای نووسەر نووسرابێت .
- سەرچاوە بنوسێرت، لەکاتی سوود لێوەرگرتن یان وەرگێران.

داوا لە هەمووئەونووسەر و ڕووناکبیرانە دەکەین کەبەتەنگ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و فەرهەنگیەکانی هاوکاری و هەماهەنگیمان بکەن و قەڵەمەکانتان بەگەڕ بخەن.

Website: www.goodnews.com
Email: goodnews4kurdistan@gmail.com

## دەستپێك

# بەرەوساڵی نوێ ....

سابیری سەندیکا
saberamerica@gmail.com

ساڵی گەیشتن بە مافەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ، خوینەرانی هیژا، ئەم ساڵ ساڵی پڕلە ئاشووب و شەڕو کارەسات و نەهامەتییەکان شان بە شانی قەیران و گۆرانکاری یەسیایەکان گوزەررەی کرد. خوێنەڕانی خۆشەویست گۆڤاری هەواڵی خۆش بەهیوای باشتر ئاشنابوون بە کوردستان ئاواتمان وایە ئەم گۆڤارە لەگەڵ هەوڵ و مەرجی دژواری ئێستای کوردەواریدا لە بۆتەی تێگەیشتنی جۆراو جۆر. ئاواتی گۆڤارەکەمان شەمالێکی راستگۆیی چۆنیتی تێگەیشتن و پێشگەیشتنی کوردستان بێت . بەرەوهێنانەدی زیاترکاروانی ئاوادان کردنەوی کورستان بێت . گەیاندنی میژووەکەی بەڕای گشتی هاولاتیان بێت خوێنەرانی زیدە و ئازیزی گۆڤرەکەمان لە ڕووی ناوەڕکەوە تایبەتمەندی یەکی خۆی هەیە گرنگی دەدات بە بار و دۆخی کوردستان و جیهان . لەم بارەوە هەم بە خوینەرانی ئایز ئاش نادەکەین ، هیوا خوازین گۆڤارەکەمان جێگای لەناو دڵ و دەروونتان بکاتەوە و بێتە مایەی رەزامەندنی بەڕیزتان بە هیوایە گۆڤارەکەمان ببێتە ئەستێرەیکی درەوشاوەی کاروانی لە مێژینەی ڕۆنامەگەری کوردی. وەهەروەها دەم هەوی باسی جەژنی سوپاس گوزاری بکەم .

### دەستەکان و جەژنی سوپاس گوزاریی

بەبۆنەی جەژنی سوپاس گوزاریی بەسەرهاتی مامۆستایەك باسکراوبوو لەگەڵ خوێندکارەکانیدا، کە لەو ڕۆژەدا بە خوێندکارەکانی ڕاگەیاند هەر یەکێکیان وێنەی ئەو شتە بکێشێت کە مەبەستی سوپاسی خودای لەسەبکات لە و ڕۆژەدا ، پاش تۆزێك لە بەرخۆیەوە ووتی: دەبێت لە گەرەکێکی واهەژاردا چ شتێك سەرنجی ئەم منالانە ڕابکێشێت و بتوانن سوپاسی خوداوەندی لەسەر بکەن، تۆبڵێ ی خوادنێکی چەوەری وەك قەلێك ؟ لە نیوان بیرکردنوەکانیدا بوو کاتێك وێنەکەی بەردەم دانا ، سەرنجی ڕاکێشاو بینیی وێنەی دەستێکی کێشاوە، ئاخۆ دەبێت ئەمە دەستی کێ بێت ؟ کاتێك کەهەمان پرسیاری ئاراستەی خوێندکارەکانی کرد هەر یەکەیان وەلامێکی دایەوە : ئەمە دەستی خودایە و خواردنمان پێشکەش دەکات : ئەوەی تریان ووتی مامۆستا ئەمە دەستی ئەو جووتیارەیە کە قەلەکان بەخیو دەکات . کاتێك کە منالەکان گەڕانەوە شوێنی خۆیان و بارودۆخی پۆلەکە هێن بووە وە، لە میزەکەی دانا نزیك کەوتەوە و لێی پرسی : دانا ئەمە کێ یە ؟ دانا بە نەرمی وەلامی دایەوە : ووتی مامۆستا، ئەوەدەستی تۆیە، ئەمە بۆ ئەو وانەیەکی گەورە بوو فیری کرد کەوا چەند شتەکانیشمان کەم بێت هەر دەتوانین خزمەتی پێ بکەین ئەوەی کە پێویستە لە سەر هەموومان سوپاسی بۆ بکەین، ئەو درفەتەیە کە بۆمان ڕەخساوە خزمەتی تیا بکەین هەر چەندە ئامێرەکانیشمان بچووك بێت . جەژنی سوپاس گوزاریی جەژنێکی ئەمریکی یە و کەسالانە لەمانگی یانزە دا ئاهنگی بۆ دەگێرن و لە ئاهنگەکەدا خواردنی قەل دەخورێت و چەندین یاری جۆراو جۆر ئەنجام دەدرێت بەخۆشی وشادی کات بەسەر دەبەن ئەم جەژنە سوپاس گوزارییە جەژنێکی نەتەوەی ئەمریکایە . ناوی دانا ناویکی کوردییە بەلام ئەم ناوە لەبنەرەتدا ناوی دۆگلاس بوو، کەناویکی ئەمریکی یە...

# شەهێن جەماڵ

# لە لوتکەی هونەریدا

ئامادەکردنی: سۆنیا بەترۆس



**شەهێن جەماڵ چۆن بناسێنم؟ وەکو هونەرمەند یان وەکو شاجوان؟**

هههههههه ئەتوانی وەکو کچە کوردێک بۆمن جیاوازی نییە، گرنگترین شت بۆمن مرۆڤ بونە.

**زۆرباشە، دواتریەینە سەر باسی شاجوانی، هونەرمەند شەهێن جەماڵ جەند ساڵە؟ دیارە زۆرێک لە بینەرانی و لایەنگرانی کارەکانی شەهێن ئەمە ئەپرسن؟**

من لە ساڵی (١٩٨٥) لەدایک بوم.

**واتە (٣٢) ساڵ؟**

بەڵێ ڕاستە.

**ژیانی هاوسەریت پێک هێناوە؟**

بەڵێ، لە ساڵی (٢٠٠٣) ژیانی هاوسەریم پێکهێناوە، خاوەنی دوو منالم بەناوەکانی خاتو (شابانو) کاکە (ژەنیار).

**چۆنبوو شەهێن ڕویکردە هونەر؟**

من هەر لەسەرەتاوە زۆر خولیای هونەر بووم بەڵام دەرفەتێکی وا ئەوتۆم بۆ نەڕەخسا کە بتوانم پەرە بە خولیاو تواناکانم بەم، تا ئەوکاتەی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا.

**ساڵی چەن شەهێن جەماڵ یەکەم کاری هونەری کرد؟**

لە تەمەنی ٧ ساڵیا کاری مەسرەحیم ئەکرد، لە مەسرەحی (مامە رییشە) دەوری دایکی شەهید ئارامم بینیووە، بەڵام





ئەوكات زۆر مناڵبووم، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستم بەكاری هونەری كردووە بەشێوەیەكی ئەكادیمی، لەڕێگەی (كاروان ئاوات) ەوە بوو لە كورتە فیلمی (دوا وێنە) كە لە دەرهێنانی (مەریوان أیبراهیم) بوو.

**ساڵی چەن یەكەم خەڵاتت وەكو هونەرمەند بەدەست هێنا؟**

هەر لە كورتە فیلمی (دوا وێنە)، ساڵی ٢٠٠٤ , توانیم ببمە خاوەنی خەڵاتی باشترین ئەكتەر.

**شەهێن لە ڕێگای كێووە توانی بە هونەر ئاشنابێت بەگشتی؟**

ئەوەی منی هاندا دوای زەواج زیاتر خولیای هونەربم ئەتوانم بڵێم هاوسەرەكەمبوو، كەوا توانی زۆر شتم پێ ببەخشێت.

**چی شتێكی هونەری شەهێنی دڵخۆش كردووە؟**

ئەو بینەرە جوانانەی كە هەمیشە جێگەی دڵخۆشی منن،



کاتێک ئجیتە شوێنێک ڕێزت لێئەگرن، ئەوە بۆمن جوانترین و دڵخۆشی ترین شتە کە خاوەنی بینەرێکی دڵپاک و خۆشەویستم.

**شەهێن جەمال کاری هونەری لە کوردستان چۆن ئەبینێت، بە بڕوای بەڕێزتان کاری هونەری لەچ ئاستێکدایە بەگشتی؟**

کاری هونەری ئێستا لە کوردستان لە ڕووی کوالێتییەوە لە ئاستێکی بەرزداییە، بەڵام بەداخەوە کە بینەری سینەما کەمە، چونکە تائێستا لەکوردستان فیلم نەبووە بە خۆراکی ڕۆح، من پێموایە هەر وڵاتێک هەر کلتورێک فیلم نەکات بەخۆراکی ڕۆح لەو وڵاتەدا قەیرانی بینەر ئەبێت، بۆیە بەداخەوە ئێمەی کورد یەکێکین لەو گەلانەی کە هێشتا فیلم و سینەما و هونەر نەبووە بە خۆراکمان ،

بۆنموونە وڵاتی ئێران هەر خێزانێک بەرنامەی هەییە هەفتەی جارێک یان دوو جار ئەجن بۆ سینەما یاخود بۆ نمایشێکی شانۆی یانیش کارێکی هونەری، چونکە بە شتێکی گرنگی ژیانیانی ئەزانن.

**نوێترین کاری هونەریتان چییە؟**

نوێتریین کارم سێ کارە، دوو دراما، کارێکی سینەمای، درامای (سەراب) کە هێشتا بەخش نەکراوە لەمانگی ڕەمەزان بەخش ئەکرێت، لەگەڵ درامای (ئەستێرە و بەختەکان)، لەگەڵ کارێکی سینەمای کە ڕۆڵم تیا بینیوە.

**گرفت و کێشەی هونەر مەند چییە؟**

کێشە و گرفتی هونەرمەندان زۆرە، چونکە لێرە هونەر نەبووە بە پیشە، ئیشی یەکەمی هەر هونەر مەندێک لەڕێگای حەزەوە حەزی بەکاری هونەرییە، ڕونتر بڵێم هونەر مەند ئەبێت بێجگە لە کاری هونەری پیشەیەکی تریشی هەبێت بۆ بژێوی ژیانی، چونکە لێرە هونەر نەک نات ژیێەنێت بەڵکو ئەبێت تۆ ئەو بژییەنیت و قوربانی بۆ بەیت.



**با کەمێک لە هونەر دوورکەوینەوە، شەهێن جەماڵ کەسێکی توڕەییە؟**

من کەسێکی زۆر ئارامم، بەڵام خوایە کەس توڕەم نەکات، زۆر خراپ توڕە ئەبم.

**زوو زوو توڕە ئەبن؟ چی توڕەتان ئەکات؟**

تا کەسێک توڕەم نەکات توڕە نابم، ئەوەی من زۆر توڕە ئەکات درۆییە، بەداخەوە درۆش هەمیشە بەردەوامە.

**تا ئێستا نزیکی پێنج موبایلت شکاندووە، ڕاستە؟**

هههههههه بەڵێ ڕاستە، بەگشتی لەکاتی توڕەییا شکێندراون ههههhe.

**بەڵام ڕوخسارتان وا دەری ناخات توڕەبن!**

ڕاستە، من توڕە نیم بەڵام توڕەم ئەکەن، وەک پێم وتن درۆ یەکێکە لەو شتانەی زۆر خراپ توڕەم ئەکات.

**مەسەلەی شاجوانییەکە چییە؟ گوایە ساڵی (٢٠٠٩) وەک شاجوان هەڵبژێردرابوون؟**

ڕاستە، من ساڵی (٢٠٠٩) وەک شاجوانی سلێمانی هەڵبژێردرام، لەلایەن پارێزگاری سلێمانی خەڵاتی تاجی



شاجوانی سلێمانیم کرایە سەر، دواتر لە کەناڵە ناوخۆیوو ئاسمانیەکان کاتێک چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەکرا باسم ئەکرد، بەو ڕادەیەی کە شاجوان پەرەی سەند، بەشێوەیەک ئێستا بووە بە ناوبانگێک بۆ خانمان.

**دوا پەیامی هونەر مەندوو شاجوانی ساڵی (٢٠٠٩) شاری سلێمانی، خاتوو (شەهێن جەماڵ) چییە؟**

زۆرسوپاستان ئەکەم بۆ ئەم دیدارە هونەرییە، دەستان خۆشبێت کە منتان لە بیرە لە ئەمەریکاووە، سڵاوم بۆ کوردانی ئەمەریکاو تەواوی کوردانی جیهان هەییە.

**سوپاسی بێ پایانمان بۆ هونەرمەند شەهێن جەماڵ، بەناوی ستاف و تەواوی خوێنەرانەوە سوپاس بۆ ئەمدەرفەتەی کە پێت بەخشین.**



# سەرۆك مام جەلال

## ڕابەری نەتەوەیی



ئامادەکردنی: سابیری سەندیکا

مام جەلال کوڕی شێخ حیسامەدین کوڕی شێخ نوری کوڕی شێخ غە فوور. هاوینی ساڵی 1933 لە گوندی (کەلکان) ی قەتپاڵی چیای کۆسرەت لە دایکبووە، کە دەڕوانێتە دەریاچەی دوکان. چەند ساڵێك تەمەنی منداڵی لەو گوندە بەسەر بردووەو دواتر باوکی بووە بەر ێبەری تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە. لەوێ چۆتە قوتابخانەی سەرەتایی و بە سەرکەوتوویی خوێندنی تەواو کردووە، خوێندکارێکی زیرەك لێهاتوو بووە، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە نیشانەکانی سەرکردایەتی بە جۆرێ لێدەرکەوتووە کە پێش هاوڕێکانی دەکەوت بۆ کۆڕی پرسە و ئەو بۆنانەی لەو سەردەمەدا بەڕێوە دەچوون، بەیانیان لە کاتی ریزبوونی قوتابیاندا، مامۆستاکان پێش هەمووان ئەویان هەڵدەبژارد بۆ خوێندنەوەی شیعری نیشتمانیی و نەتەوەیی.

لەوێوە بیرۆکەی نەتەوایەتی لای ئەو چەکەرەی کرد تا وای لێهات وردە وردە بەسەریدا زاڵ بوو، کە گەیشتە پۆلی چوارەمی سەرەتایی یەکێك بوو لە پێشەنگەکانی خوێندکاران کە بە پەرۆشەوە بەشداری لە چالاکیەکانی قوتابخانە دەکرد و بەشداری لە وتار خوێندنەوەو شانۆدا دەکرد.

ئەگەرچی جەژنی نەورۆز لە لایەن حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراقەوە یاساخ بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کوردستان لە 21 / ی ئاداری هەموو ساڵێك بە ئاهەنگ یادیان دەکردەووە، ئەویش بە هۆی پیرۆزیی ئەم جەژنە لای کورد کە بە رۆژی سەرکەوتنی گەلی کورد دادەنێن بەسەر ئەو زاڵمانەی دەیچەوساندنەوە.

* ساڵی 1945: ئاهەنگێکی میللی لە کۆیە بۆ نەورۆز سازکرا، تاڵەبانی کە لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا بوو بەشداری تێدا کرد و وتەی حەماسئامێزی خوێندەوە، بووە مایەی سەرسوڕمانی مامۆستا و بەشداربووان.

* لە ساڵی 1946 دا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خوێندکار و بە ئامۆژگاری یەکێك لە مامۆستاکانی کۆمەڵەیەکی فێرکاری نهێنی دامەزراندبە ناوی (کۆمەڵەی پێشخستنی خوێندنەوە) (k.p.x) و مام جەلال بە سکرتێری هەڵبژاردرا، ئامانجێکی کۆمەڵەکە هاندانی خوێندکاران بوو بۆ خوێندنەوەی دەرەکی.

* لە هەمان ساڵدا و دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە 16 / ی ئابی 1946 کەوتە ژێر کاریگەری بەرنامەی پارتی و لە چوارچێوەی رێکخستنەکانیدا کەوتە چالاکی خوێندکارانە.

* دوای چوونە ناو کاری سیاسییەوە، رۆژنامەی (رزگاری) کە پارتی دیموکراتی کورد بە نهێنی دەریدەکرد، کورتە وتاری لەژێر نازناوی (ئاگر) دا بۆ بڵاو دەکردەوە.

* ساڵی 1947 بوو بە ئەندام لە پارتی دیموکراتی کورد و





چالاك و لێهاتوو بوو لەو ئەرك و فەرمانە حزبیانەی پێی دەسپێردران.

* ساڵی 1948 خوێندنی سەرەتایی تەواو کرد و لە ناوەندی کۆیە بوو بە خوێندکار، ئەو ساڵە بە ساڵی (وەسبە) (راپەڕین) ناسرابوو، کە گەلی عیراق توانی پەیماننامەی (پۆرتسماوس)هەڵبووەشێنێتەوەو حکومەتی ساڵح جەبر بڕوخێنێ و حکومەتی محەمەد سەدر دامەزرێنێو لەو کەش و هەوا ئازادیەدا کە لە سایەی ئەم (راپەڕینە) هاتە کایەوە، هەڵبژاردنێکی گشتی خوێ،دکاران ئەنجامدرا بۆ هەڵبژادنی نوێنەرانی کۆنگرەی گشتی.

ئەوە بوو جەلال تاڵەبانی بە نوێنەری خوێندکارانی کۆیە هەڵبژێردرا و بەشداری لە یەکەمین کۆنگرەی خوێندکارانی عیراقدا کرد کە لە نیسانی 1948 لە گۆڕەپانی (السباع) ی شاری بەغداد بەسترا.

* لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمین جار گوێی لە شاعیری مەزن (محەمەد مەهدی جەواهیری) بوو، کە شیعرە بە ناوبانگەکەی (رۆژی شەهید) ی خوێندەوە، کە بۆ جەعفەری برای و بۆ شەهیدانی وەسبە وتبووی. ئەو ساتانە لە ژیانی تاڵەبانیدا مێژوویی بوون و وای کرد ببێتە یەکێك لە مریدەکانی شیعری ئەو و دواتریش بوو بە ئازیزترین دۆستی و ئەو دۆستایەتیە تا دوا ساتەکانی ژیانی شاعیر بەردەوام بوو.

* ساڵی 1949 و لە سایەی حوکمی عور فی و تۆقاندن کە کوردستان و عیراقی گرتەوە، تاڵەبانی لە حزبدا سەرکەوت و بووە ئەندامی لیژنەی ناوچەی کۆیە.

* لە شوباتی 1951 دا و لە کۆنگرەی دووەمی پارتی دیموکراتی کورد، بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی هەڵبژێردرا، بەڵام لەبەر پاراستنی ریزەکانی پارتی پلەکەی خۆی بە هەڤاڵێکی خۆی بەخشی کە دوای دەرچوونی لە زیندانی بەشداری لە کۆنگرەدا کردبوو.

* لە ساڵی 1951 دا لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا گیراو بۆ شاری موسڵ دوور خرایەوە، لەوێش لە خەباتی سیاسیدا بەردەوام بوو و دواتر چووە کەرکوك بۆ تەواوکردنی خوێندن و سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی رێکخستنەکانی حزب و بووە بەرپرسی رێکخستنەکانی کەرکوك. لە هەمان ساڵیشدا ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی بە شێوەیەکی نهێنی گرتە ئەستۆ تا ئەو رۆژەی گیرایەوە.

* ساڵی 1952 چووە کۆلیژی ماف (حقوق) لە بەغداد کە ئەو دەمە رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کورد پەرتەوازە بوو، بەڵام مام جەلال توانیی رێکخستنەکانی حزب تۆکمە بکاتەوە.

* لە کانوونی دووەمی 1953 دا بەشداریی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و لە مانگی شوباتدا سەرپەرشتی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی کرد و لە کۆنگرەیەدا بە سکرتێری گشتی قوتابیانی کوردستان هەڵبژێردرا و لە هەمان ساڵیشدا یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی (یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان)، هەر لەو کاتانەدا نوێنەری پارتی بوو لای زۆربەی حزبە نهێنێ و ئاشکراکانی عیراقی.

* ساڵی 1954 بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا.

* ساڵی 1955 سە فەری دەرەوەی عیراقی کرد و لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی جیهانی لە وارشۆ بەشداری کرد و لەوێوە سەردانی یەکێتی شوورەوی ئەوسا و چینی کرد.

* ساڵی 1956 لەبەر چاوان وون بوو، کەوتە خەباتی ژێر زەمینی و ناچار بوو لە پۆلی چوارەمی ما فدا خوێندن بەجێبهێڵێت.

* ساڵی 1957 سە فەری سوریا و مۆسکۆی کرد و لە فیستیڤاڵی لاوان و قوتابیانی مۆسکۆ بەشداری کرد و هاتنی بۆ سوریا بە فرسەت زانی بۆ پەیوەندی بە کوردەکانی ئەوێوە و پەیوەندیەکی سیاسی دروستبوو. لە هەمان ساڵیشدا گەڕایەوە عیراق و بەشداری لە کارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو کرد و بوو بە بەرپرسی رۆژنامەی (خەباتی کوردستان) کە لە سلێمانی بە نهێنی دەریان دەکرد.

* لە یەکەمین رۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی 14 / ی گەلاوێژی ساڵی 1958، سەرپەرشتی رێکخستنی خۆپێشاندانی جەماوەری سلێمانی کرد و بە هاوکاری هەڤاڵانی حزب لە نێو شاردا، پاشان چووە بەغداد و بەشداریی لە کاروباری مەکتەبی سیاسی و دەرکردنی گۆڤاری (رزگاری) (التحریر) دا کرد، هەروەها ئەرکی ئەو خەباتەی لە ئەستۆ گرت کە لە نێو ریزەکانی حزبدا فراوان دەبوو، وەك پێویستییەکی بوونی حزبێکی پێشڕەوی کوردستانی و رێکخراوە پێشەییەکان بەرهەڵستکاری کردنی ئەو هەوڵانەی کە دەیانویست پارتی دیموکراتی کوردستان بکەنە پاشکۆی حزبێکی عیراقی.

* ساڵی 1959 جارێکی تر بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردرا و لە هەمان کاتدا ئە فسەری یەدەکی کەتیبەی چوارەمی تانك بوو، هەروەها بەشداری لە دەرکردنی رۆژنامەی (خەبات) دا دەکرد کە بە زمانی عەرەبی دەردەچوو، وە بە ناوی (پیرۆت) ەوە وتاری تێدا بڵاودەکردەوە.

* ساڵی 1960 بەرپرسی لقی سلێمانی و ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو کە خولێکی هۆشیاری بۆ کادێرەکان کردەوە.

* ساڵی 1961 بووە سەرنووسەری رۆژنامەی (کوردستان) و دوای داخستنی رۆژنامەی خەبات دووچاری راوونان بوو لە بەغداد، بەڵام لە شەوی نەورۆزی هەمان ساڵدا وتارێکی دژی دیکتاتۆریەت خوێندەوەو بەرگری لە بارزانی خوالێخۆشبوو کرد کە ئەو سەردەمە قاسم کۆمەڵێك تاوانی دابۆوە پاڵ لە ئەنجامی ئەوەدا فەرمانی گرتنی دەرچوو و بە نهێنی گەڕایەوە سلێمانی و خۆی شاردەوە و بەشداری لە رێکخستنی مانگرتنی گشتیدا کرد کە لە شەشەی ئەیلوولدا کرا.

* لە ئەیلولی 1961 دا کە شۆڕش هەڵگیرسا، بەرپرسی ناوچەی سلێمانی بوو، یەکەمین بنکەی شۆڕشی لە چەمی رێزان کردەوەو سەرپەرشتی کرد و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی لیوای سلێمانی کرد تا وای لێهات زۆر فراوان بوو و بووە هێزێکی گەورە، ئەوە بوو کرا بە لێپرسراوی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

* لە نەورۆزی 1962 دا، سەرکردایەتی ئەو هێرشە بەر فراوانەی کرد بۆ سەر ناوچەی شارباژێڕ و لە ماوەی چەند رۆژێکدا دەست بەسەر هەموو بنکەی پۆلیسی ناحیەی بناوەسووتە و چوارتادا گیرا و هێزەکانی بەرەو قەزای پێنجوێن برد و تەواو ناوچەکەیان ئازاد کرد.

بەم شێوەیە هەردوو ناوچەی شارباژێڕ و پێنجوین بوونە دوو ناوەندی شۆڕش و سەرکردایەتی. لە 1962 ـ 1963 زۆربەی ناوچەکانی قەرەداغ و قەڵاسێوکە و گەرمیان و سەنگاو ئازاد کران. ئەو دەمە مام جەلال فەرماندەی هێزی رزگاری بوو، لە هەمان کاتیشدا سەرپەرشتی دامەزراندنی ناوەندەکانی بەمۆ و هەڵەبجە و تەوێڵە و بیارەی دەکرد.

* ساڵێ 1963 و دوای کودەتا رەشەکەی شوبات، مام جەلال بە سەرۆکی وە فدی کوردی دەستنیشان کرا بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی تازەدا کە لە سەرتادا رەزامەندیان لەسەر گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی رەوای کورد نیشاندا، هەروەها سەردانی کۆماری میسری و جەزائیری کرد و چاوی بە عەبدولناسر و بن بێلا کەوت و لە هەمان ساڵیشدا سەردانی ئەوروپای کرد و نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردستانی کرد و سەرکەوتوو بوو بۆ ناساندنی کێشەی کورد و ئاشکرا کردنی بارودۆخی کوردستان و کۆکردنەوەی یارمەتی و هاوکاری بۆ شۆڕش لە وڵاتانی فەرەنسا، ئەڵمانیا، روسیا، چیکسلۆ فاکیا و نەمسا.

* ساڵی 1964 گەڕایەوە کوردستان و ئەرکی خۆی لە فەرماندەیی کردنی هێزی رزگاری گرتەوە ئەستۆ.

* ساڵی 1967 بەشداری لە کۆڕی (ئیشتراکیەکانی عەرەب) کرد لە جەزائیر و لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بە پێزی دەربارەی

کێشەی کورد و شەرعیەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد و دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب پێشکەشکرد.

* ساڵی 1970 رۆڵی کاریگەری خۆی بینی لە یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێشتر ببوونە دوو باڵ و ناکۆکیەکی تاڵ و خوێناوی لە نێوانیاندا هەبوو.

* ساڵی 1972 سە فەری دەرەوەی عیراقی کرد و ماوەیەك لە لوبنان و میسر و سوریا مایەوە و دوای رووخاندنی شۆڕشی کورد کە لە ئەنجامی رێکەوتننامەی نێوان سەدام و شای ئێران لە ئاداری 1975 لە جەزائیر ئیمزا کرا، تاڵەبانی هەر لەو ناوچانەدا مایەوە.

* لە 01 / 06 / 1975 لە دیمەشق لەگەڵ دەستەیەك لە هەڤاڵانیدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیی دامەزراند و نەخشەی بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ دانا کە لە 01 / ی حوزەیرانی 1976 راگەیەنرا و بووە سکرتێری گشتی یەکێتیی.

* لە ساڵانی دوای دامەزراندنی یەکێتی لەسەر چالاکی سیاسی و سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بەردەوام بوو لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە چیا و ئەشکەوتەکانی کوردستاندا دەژیا.

* بە گەواهی زۆر لە چاودێرە سیاسیەکان یەکێك بووە لە بزوێنەری سەرەکی بۆ لێك نزیك کردنەوەی بۆچوونەکان لە نێو ریزی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی لە کۆنگرەکانی نیویۆرك و لەندەن و سەلاحەدین و هەموو دانیشتنەکانی دوای ئەوانەش کە پەیوەندی بە رێکخستن و نزیکبوونەوەی ماڵی عیراقییەوە هەبوو، میوانداری زۆربەی زۆری هێزە عیراقیەکانی کردەوە لە کوردستان و پشتگیری هەمە جۆرەی کردوون.

* لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیش، تاڵەبانی بەشداری چەندین کۆنگرە و کۆبوونەوەی ئیشتراکی نێودەوڵتی کردەوە و چاوی بە سەرکردە سیاسیە نێو دەوڵەتیەکانی زۆر وڵاتانی جیهانی کەوتووە.

* جگە لەوەی کە کەسایەتیەکی سیاسییە خەباتگێرێکی هۆشمەند و نووسەر و یاسانامە، وەك رۆژنامەنووسێکیش لە رۆژنامەی نهێنی و ئاشکرادا نووسیویەتی و لە ساڵی 1959 بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عیراقی هەڵبژێردرا کە شاعیری مەزن محەمەد مەهدی جەواهیری نەقیبی بوو.

* تاڵەبانی جگە لەوەی یەکێکە لە سیاسی و دیپلۆماسی و رۆژنامەنووسەرە دیارەکان، نووسەرێکی ناوداریشە و بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە تیشك خستە سەر تێکڕای بزووتنەوەی سیاسی عیراق و ناوچەکە و بزووتنەوەی سیاسی کوردی کردەوە، لەم بوارەشدا چەندین کتێبی لە سەردەمی جیاجیادا نووسیوە کە کتێبخانەی عەرەبی و کوردی دەوڵەمەند کردەوە و بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری مێژووی جوڵانەوەی سیاسی کوردی و عیراقیدا.

* دوای ئازادکردنی عیراق بە ئەندامی ئەنجوومەنی حوکم هەڵبژێردرا و لە مانگی نۆڤەمبەری 2003 دا سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی کرد و لەم ماوەیەدا کارامەیی خۆی لە هەڵسوڕاندنی کاروباری حوکم نیشاندا.

* لە 06 / نیسانی 2005، مام جەلال 227 دەنگی لە کۆی 248 دەنگی ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی بە دەستهێنا و بە هەڵبژاردنێکی راستەوخۆ بە یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێراوی عیراق هەڵبژێردرا، بەم جۆرە تاڵەبانی لە فراوانترین دەروازەکانەوە چووە ناو مێژووی کورد و هەروەها لە جوانترین دەروازەشەوە چووە ناو مێژووی عیراق و لە ناودارترین دەروازەشەوە چووە نێو مێژووی سیاسی و دیموکراسی جیهانەوە، ئێستاش بەردەوامە لەسەر هەوڵی بێوچان و شەودەخاتە سەر رۆژ بۆ هێنانەدی ما فەکانی کورد و گەشەکردنی عیراق و بیاتنانەوەی قەڵاچۆکردنی تیرۆریستان و پەیوەندی فراوان پەیداکردن لەگەڵ دەرو دراوسێ و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و رۆژئاواو هاوپەیمانان..

**خێزان**

تاڵەبانی لە گەڵ هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد کچی ئیبراهیم ئەحمەد[7] ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنا و دوو کوڕ بەناوەکانی قوباد و پاڤێڵ و کە قوباد کوڕە گەورەکەیانە و لەناو سیاسەتی هەرێمی کوردستان وەک نوێنەری هەرێم لەئامریکا و ئەنجوومەنی وەزیرانیش و ئێستاش  جێگیری سەرۆک وەزیرانە.

# عیسای مەسیح

# خۆرێك لە دەم ئاسۆی گەلەوە هەڵات و ئاوێتەی مرۆڤ بوو

نووسینی" بەختیار ڕاستی: رانیە






لەگەرمەی بەرهەڵستاکاری و کۆیلایەتی و دیلایەتی و کۆت و بەندێتیدا، گەلانێك دوژمنایەتی خودا و خواستەکانیان دەکرد، نەیاندەزانی پاشای پاشایان، بەچیای قوبەی ئاسمان نیدا دادەبەزێتە خوارێ، ئاخر خوداوەند زۆری توڕەیی نیشاندا و تەنووری ئاگرینی زۆریشی بۆ زۆرێك لە گەلان داخست، گێلایەتی هەر درێژەی کێشا بەئاگا نەهاتنەوە ڕۆژێك کە هەر لە ساتی لە دایکبوونی ئەستێرەیەکی پرشنگدار دەچوو، کۆلکە زێڕینەیەك لە بەرزاییەوە بۆ بوونەوەر دەرکەووت، ڕەونەقی خودایی بە دەرخستنی خۆشەوویستی، وەك شەپۆلی زەریایەك بۆ ناو دەروازە ئاسنینەکان کشا. زەمەنی هەڵەمووری و تاریکی ئەنگووستەچاوان بوو عیسا خۆرێك لە دەم ئاسۆی گەلەوە هەڵات و ئاوێتەی مرۆڤ بوو،

زۆری گووت گوێیان لێ نەگرت ، زۆری ڕاڤە کردو دانایی دەرخست لێی نەگەیشتن.. هتابوو گەرداوی مەینەتی و چەرمەسەری نەهێڵێت، کەچی ترس و بوومی زۆرداران و کەنیشتە دڵڕەقەکان زۆربەیانی سڕکردبوو، خۆیان بۆ ڕەهایی لە قۆزاخەی ملکەچی ڕانەپسکان ... ماوەکە کورت بوو هەروەك چیرۆکە کورتەکانی ژیان ...

ئەوەی باوەڕی هێنا ڕۆحیی خۆی کردە مەلێکی خوولیا



حەزی فڕین بەرەو بەرزایی، ئەوەی باوەڕیشی نەهێنا لەناو زوقمی بت و مردواندا خۆی نغرۆکرد ئەو شەفەە سەرەنجام لەکاتی خۆیدا درابە دەستەوەو لەنێوان دوو تاوانباردا لەخاچ درا ئیتر تاریکی باڵی بەسەر زەویدا کێشا! .. وە لە ڕۆژی سێیەمدا لە ناو مردوواندا هەستایەوە.. ئەو بەخوێنی پاك و بێ گەردی گوناهەکانمانی شوستەوە و هەستانەوەی بوو بە خۆشی و کامەرانی گەلان ، گۆرانی شاد بوو بە نۆبەرەی سرووتنی خۆشەوویستی بۆ خودا و زایەڵەی ئاوازە مەلەکوتییەکان... لە خاچدانی ڕۆڵەی تاقانەی باوکی ئامانی مۆرکی ڕزگاری بوو بۆ بۆ کەفارەتی گوناهەکانی مرۆڤ وڕەخساندنی مەودای ئاشتەوایی مۆرکی بوو بۆ کەفارەتی گوناهەکانی مرۆڤ وڕخساندنی مەودای ئاشتەوایی خودا و مرۆڤ .. خۆشی کەوتە ناو دڵەکانەوە، خۆشی ڕۆح نەوەك لەش ، ئەو لەشەی پاش مەرگە دەڕزێ و بۆگەن دەکات... کتێبی پیرۆز چوون ئۆقیانووسێك سەدەف وشەی پیرۆزی لێ هەڵشکۆفاو تاریکی ماڵەکانی پێ ڕووناك بووەوە...
سرووتنە، وشەکانت تینوێتیمان دەشکێنێت، هێمای ناوت لەخەمی قووڵ دەرمان دەکات.. لەناخی دڵەوە بە زوبانی دڵ ستایشت دەکەین بۆ خۆشەوویستیەی پێمانت بەخشیوە کە هێمنی و خۆگری و ژیانی تازەی لە خۆ گرتووە و زەریای عەشقی لە دڵماندا هەڵقوڵاندووە.. وای کردووە درك بەراستی و پاکیت بکەین وەك چۆن لە ڕۆحداگەیاندوونییە ترۆپکی شادی، بۆیە بەڕۆح سوپاست دەکەین نەك بە دەم ، ئێمە لە دەرەوەی ژیانی جەستەییداین ، واین لەژیانی ڕۆحیدا.. ئەو ژیانەی بەردەوام سایەت وا بەسەر سەرمانەوە. بەقیوبانیدانت ئازارو ئیش و زام و برینەکانمانت بنبڕ کردووە. ڕۆحمان ساغە بەوەی دڵمان لەم جیهانە ئەزموونییە یەکلاکردۆتەوەو تۆمان وەك خودایەکی پڕ بەزەیی و خۆشەوویستی و سۆزو دڵنەوا ناسیوە.. ناوت قورسایی لەسەر باری خەمەکانمان نەهێشتووە.. تێگەیشتین بە خۆ بچووك کردنەوەمان زیاتر لێت نزیك دەبینەوە، ب پێچەوانەوە هەرکات جەسنەمان بەسەر ڕوحدا زاڵ بوو بێت، ئەو کات بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانمان تۆمان هاتۆتە یاد!..
چونکە قۆرخکردووی شەتیان بووین و کلیلی دەروازەی کامەرانی لێ ون کردبووین...
خوداوەندمان خودا ڕنگی خۆتمان پێ نیشان بدە تا خاچ هەڵگربین، هەرچەند دەکەین بەبیر کردنەوەو پیادا چوونەوەمان نموونەت نادۆزینەوە چونکە مرۆڤت هێندە خۆش وویست ، خۆشەوویستییەکەت بە قوربانی دەربڕی، قوربانییەك مرۆڤایەتی بۆ هەمیشە خرۆشا... بەرزایی و قوڵایی ئاسمان تابلۆ ڕوخساری تۆن ... هەرووروەکان سیمای بەرجەستەو بارانی ئەشکی لەڕۆح تکاوی تۆن... سا بارەو زەوی دڵمان زیاتر پاراو بکە... تازیاتر وشەکانت بین بە تۆوی بەرهەم هێنی باوەڕی پیرۆز...
لە مێژە بە دەست وشکە ساڵی گوناهەوە دەناڵێنین، ئێمەی مەڕی لە مێگەل دابڕاو ڕزگار بکە، تا شوانمان بیت بێ باکانە لە لەوەڕگای خواستی تۆدادەلەوەڕێین... ئێمە ڕیگای ئاسمانمان دۆزیوەتەوە... تکا دەکەین تکا، بە خۆشەوویستیت بەرزمان بکەرەوە بۆ لای خۆت... تاکو لە نزیکەوە کڕنووش بۆ بەرزی و گەورەیی و پیرۆزیت ببەین... خواستی تۆ بژێنەوە.....
ئەوەتا هەموو جیهان سروودو گۆرانی ستایشت بۆ دەچڕن

تا ڕۆحیان بە ودمی سۆزت زیندوو بێت و ئاسمانیان بۆ بکەیتە پەشمەکی تارای بووکی ڕزگاری... ئێستا لە کۆری زیندوو بێت و ئاسمانیان بۆ بکەیتەوە پەشمەکی تارای بووکی ڕزگاری ...

ئێستا لە کۆڕی شادی و بەختیاری ژیاندا بەستە زمانان نەغمە بۆ خۆشی ژیانی تازە دەچڕن... ژیانێك پڕە لە پیرۆزیت، ئەی شوانی ئاسمانی... لە ڕەنگ و ڕووخسارت پیرۆزمان بکات... با ڕووناکیت بگاتە زوڵمەتی ئەم خاکە و گلێنەی پڕ شنگدارتی بەسەردا هەڵبێنە، ئەی پیرۆزترین پیرۆزی هێزو توانایی جەستە ئاپتەرییەکان وەك تۆزی بەر گەردەلوول ورد و خاش بکە لە تەنووری بڵێسەدارتی هاوێژە... تینووین زۆر تینوین زۆرترمان دەوێت لە پیتی ژیان  بپرژێنە بپرژێنە ناو دەروونمانەوە تاببن بە وشەو بچەقنە ناخمانەوە بۆ ئەوەی پەیڤی باوەڕمانی لێ هەڵهێنجرێت... سۆزو بەزەیی و پاکی لە ناو بیرو هەستمانداچاپ بکە تا بە زووبانی خۆت لە ڕۆحی مرۆڤدا بگیرسێینەوە و خوداش بۆ زیندوو ڕاگرتنی ناوت بیانهەژێنێت... ئەی مەڕی قوربانی خودا، کە کۆتاییت بە قوربانی ئاژەڵ هێنا، ئەوە تۆ بوویت گشت ئازارەکانمانت بەدڵ و گیان چەشت... بۆ توانایی و پیرۆزیت هێزی پێ بەخشیووین هێزێك زاڵە بە سەر تووڕەیی و درۆو گوناهماندا... ئێمە تەنها تۆ دەناسین و ئەو ڕۆحە پیرۆزەی کە سێ گۆشەی وێنەی خودا نیشان دەدات... باوك ڕۆڵە، ڕۆحی پیرۆز ئەوانەش خۆتن و تۆش ئەوانی ....

سڵاو  لە ڕۆحی پیرۆزی هەمیشە زیندووت ئەی سەرچاوەی



دانایی و ڕاستی و پاکی و پیرۆزی... بە هەستانەوت دوونیات کردە شەپۆلی زەریاو گشت دڵەکانت وەك گوڕی بوومەلەرزە لەرزە لەراندو جەمسەری هزری خوداییت لە ناو دەروونە ئەوینخوازە ڕۆحییەکاندا، هەژارند.... هەردڵێت بۆ باوەڕت ئامێزی واڵا بکات دەبێتە سەرچاوەی کانییەکی سازگارو ڕوون بۆ شکاندنی تینوێتی لێوی وشکی ماندوێتی سایەیەکی خەستی بە نەش ئەش بۆ حوانەوەی دەروون و سڕینەوەی عارەقەی پەستانی لەش لەپاش کێڵان و تۆو کردن بە وشە پیرۆزەکانی خوداەند! ... مزگێنیت تینێکە بۆ بنیاد نانی قەڵایەکی پتەو بۆ جێگیر بوونی باوەڕ بە ودمی عیسایی .... سڵاو لەو شەفەقە پرشنگدارەی لە خۆری ڕزگاری جەستەی لەخاچ دراوتەوە هەڵات، ئەی باوك ... بە پێوانەی لمی کەناری ئۆقیانووسەکان جەژنی چاوپشکووتنی ئەبەدیت کە بەڕۆحی پیرۆزلە شێوەی مرۆڤ موتربەکرا، پیرۆزبێت پیرۆز.... جیهان لەیادت خرۆشاوە وەك خرۆشانی سەر عەرشی کەون و ناو جەرگەی کائینات، پیرۆز... جیهان لەیادت خرۆشاوە وەك خرۆشانی گڕکانی بە تەوژمی کێو لەسەر ترۆپك هەوورییەکان...

ئەی هۆسانای بە ڕەش، چ هیوایەکی زیندووت بەکۆیلایەتی مرۆڤ بەخشی تا ئا ستێك هێزو پیرۆزیت لە ڕۆحی باوەڕداراندا چەسپاندووە، شەیتان لە بێ توایی خۆی زویرە، ئەوە دیاری مەلە وتی خوداوەند بۆ ئێوە ئەی ڕێبوارانی سەوداسەری ڕۆحی پیرۆز... وشەکانت هەوێنی پێ گەیاندنی نانی ژیانە، خۆشەوویستی ڕلستەقینە لە تۆدا بەرجەستە بووە، نییە ونەبووە لە ئەزلەوە تائەم چرکەساتە لە خۆشەوویستیت پاك و ڕاست و پتەوتر.... سەکۆی دانایی و زانست، فەلسەفەی ناسینی خودا و پەیوەندی و پەیوەست بوونی هەست و نەست و هزرماندا قوڵپی داو کولا و هەڵچوو بۆ ئەو مەکۆیەی ئامێری دڵمان بەجەستە و ژیانمانەوە دەبەستێتەوە... ژیانێك بە ڕۆحەوە ئامرازە و بەخوداوە هەین، هەر خوداش دەمانخاتە ناوشەپۆلە هەوورینییەکانی مەلەی ناو ئاسمان، تا ئەو ساتەی دەپەڕینەوە بۆ لای باوك بە گوێرەی باوەڕو هەڵس و کەوت و کردارەکانمانم .... ئێمە هەموو هەنگاو بەرەو ئەو مەرامە پیرۆزە هەڵدەهێنین.. بۆ ڕەزامەندی باوکی ئاسمانیمان...

# خەڵك و دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن!



هۆشمەند چەكوانی - ئەنكارا

حوكمڕانی كورد لە باشوری كورستاندا، لەماوەی چارەكە سەدەی رابردوودا، ئەوەندە تاریك نییە كە زەرب بەسەر هەموویدا بێنین و بەیەك چاو سەیری هەموو دیوەكانی بكەین. بەڵام لە راستیدا ئەوەندەش گەش و دروست نییە وەك ئەوەی دەسەڵاتی ناوچەكە بانگەشەی بۆدەكات!

هەمووشمان بایی ئەوەندە لە گۆڕانكارییەكان تێدەگەین و بینەری رووداوەكانین كە پێویست بەوە نەكات منێك لە بابەتێكدا بێم و باس لە لایەنە باشەكانی هەرێمی كوردستان بكەم. بەڵام

قسە كردن لەسەر چەسپاندنی "دیموكراسی، دەرفەتدان بە میدیای ئازاد، رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدنی، دامەزراوە یاسایی و دەستورییەكان، میكانیزمی هەڵبژاردنێكی بێ خەوش و ئاڵوگۆڕكردنی دەسەڵات بەشێوەیەكی ئاشتیانە و چەندان بابەتی دیكە". قسەی زۆر و زەوەند هەڵدەگرن.

ئەگەر چاو لەهەموو ئەوانەی سەرەوە بپۆشین و تەنها لەسەر دابینكردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەكان هەڵوەستە بكەین و بڵێین، ئەرێ!

1ـ خەڵكێک لەوڵاتێكدا دەژین، لەسەر دەریایەک نەوت، بەڵام نەوتیان بۆ خۆگەرمكردنەوە نییە!

2ـ هەر ئەو خەڵكە، ژێرزەوییەكەیان قوڵپەی دێت لە گاز و غازی سروشتی! كەچی زۆرجار دەكەونە ئەزمەی غازەوە! بەنزینێك دەكەنە ئۆتۆمبێلەكانیانەوە كە هیچ دڵنیاییەكی نییە!

3ـ دیسان هەر لەو مەملەكەتەدا؛ كارەبا بووەتە یاری چاوشاركێ! ئەمە لەكاتێكدا سوتەمەنی زۆر و زەوەند هەیە بۆ بەكارخستنی وێستگە كارەبایيەكان! بەڵام خودی حكومەت خەمسارده و رێگرە لە دابینبوونی وزەی كارەبای پێویست.

4ـ هەر خەڵكی ئەو هەرێمە، پارە و موچەیان بووە بە چارەک! لەكاتێكدا لانیكەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارەكەی هەرێمی كوردستان، دەتوانن بەوپارەیەی وەلایان ناوە! لانیكەم تا 10ساڵی تر وڵات ئیدارەبدەن و موچەش بدەن! بەبێ هیچ داهاتێكی دیكە!

5ـ سێكتەرەكانی تەندروستی و پەروەردە و كشتوكاڵ، لەوپەڕی ئاست نزمی و خراپی كوالێتی و بێ بەرهەمیدان!

بەرپرس و منداڵەکانیان بۆکڕین و دابینکردنی بچوکترین پێداویستی ژیانیان، ڕوودەکەنە وڵاتانی ئەوروپا. بۆسوکترین نەخۆشییان، دەچنە باشترین نەخۆشخانە و پزیشکەکانی دونیا.

6ـ گەندەڵی و خزم خزمێنە و دزی! دیارترین روخساری دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمن. پارەیەکی زۆر بەهەدەر دەڕێت و هیچ لێپێچینەوەیەك نییە.

هەموو ئەو نەگبەتی و نەهامەتییانەش تەنها خەڵکی رەش و رووت دەگرێتەوە و لەماڵی بەرپرسەکان هیچ کێشەیەک بەنێوی کەمی و نەبوونی نەوت و غاز و پارە و کارەبا و..... هتد بوونی نییە!

حکومەتێکی خەمسارد و دەسەڵاتێکی بێباك بەجۆرێك ئیدارەی ئەو هەرێمەی کردووە و دەکات کە بێ هێوایی دەروونی زۆربەی خەڵکی داپۆشیوە. هەر رۆژەی بەقەیرانێکەوە خەڵکەکەی گرفتار دەکات. کاتێکیش خەڵك و جەماوەر بۆ داواکردنی مافی خۆیان دێنە سەر شەقام و داوای دابینکردنی سەرەتایی ترین مافی خۆیان دەکە، حکومەت بە فیشەك و کوشتن و لێدان، وەڵامی خەڵك و سەرپەرشتیارانی خۆپیشاندانەکان دەداتەوە. لەو بارەیەوە نمونەی زۆر هەن. نزیکترینیان خۆپیشاندانەکانی رۆژانی 18- 20/12/2017 یە. کوژران و برینداربوونی دەیان و سەدان لە خۆپیشاندەران و ئەوانەی تەنها داوای باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەك کارەبا و نەوت و موچەیان دەکرد، نمونەی زیندو و بەردەستن.

دەسەڵاتی ئیداری هەرێمی کوردستان بە کوشتن و لێدانی خەڵکەوە نەوەستاوە و دەیان رۆژنامەنووسیشی گرتووە. دامەزراوەیەکی وەکو "نالیا"ی بەبێ هیچ بڕیار و نوسراوێکی فەرمی دادوەر، بۆ ماوەیەك داخست!

دەرفەتێکی باشە و جێی خۆیەتی لەسەر نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا و سەنگین هەڵوەستە بکەین. بە حوکم و ئەزموونی کاری رۆژنامەوانی و میدیاییم، ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستان یەکێکە لەخراپترین جۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن. چونکە هەموو جارێك چاوەڕێی جوڵەی شەقام بووە، نەك خۆی شەقامی جوڵندبێت! گەواهی ئەوە دەدەم کە لە دوای خۆپیشاندان و گردبوونەوەکانی 17ی شوباتی 2011 و رۆژانی دواتر، لە کۆبوونەوە پێنج قۆڵییەکاندا، ئەوەندەی دانوساندن لەسەر پرسە حزبییەکان و پچڕینی زۆرترین پشك و پۆست کرا، چارەکێکی ئەوە بەرگری لە داوای خەڵك وچارەسەرکردنی کێشە و ئاریشەکانی شەقام نەکرا! بەکورتی، دەنگ و شەپۆلی نارەزایی خەڵکیان بۆ بەرژەوەندی شەخسی و حزبی بەکارهێنا و ماندووبوونی جەماوەریان فرۆشت. کەچی خەڵك و تاکی ئێمە ئەوەندە یادەوەریمان لاوازە، لەکاتی هەڵبژاردنەکان و لەوکاتەی حزب و لایەنە سیاسییەکان دەکەونەوە بانگەشەکردن، بەدەمیانەوە دەچین و بە دڵی ئەوان و بەو ئاوازەی ئەوان دەیانەوێت، دەجوڵێینەوە.

دەبێ ددان بەو ڕاستییە تاڵەدا بنێین کە لەو وڵاتەدا هەر رۆژەی بتێک دادەتاشین و پیرۆزی دەکەین! هەر رۆژەی یەکێک بەناوی فریادڕەسەوە هەڵماندەپەڕێنێت!

کورت و کرمانج، لەنێوان دەستاری دەسەڵاتێکی لارولەوێر و ئۆپۆزسیۆنێکی مردووی بەرژەوەند پەرست و خەڵکێکی یادەوەری لاوازدا، تا ئەو شوێنە وێران بووین کە کەس ئێرەییمان پێنابات!

خەڵکی وڵاتی ئێمە ماندووبووە. بێ ئومێد بووە. ئینیمای نەتەوەیی و نیشتیمانی تا ئاستێکی زۆر لەلای بەشێکی خەڵك لاوەزبووە، یان هەر نەماوە! لێستاندنەوەی ئینتیمای نەتەوەیی یەکێك بوو لەو کارانەی سەرسەختترین نەیار و دوژمنانی کورد نەیانتوانی لەژێر فشاری زۆر و گوشاری جۆربەجۆردا بیهێننەدی، بەڵام دەسەڵاتی کوردی بەو حوکم و ئیدارەدانە سەقەتەی ئەوکارەی بەزیادەوە تەواو کرد!

ئێستا لەگەڵ ئاڵۆزی و گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەوداو مامەڵەی زلاتە زلهێزەکانی دونیا، دۆخی هەرێمی کوردستانیش بەو هەموو برینانەی خۆیەوە بەشێکە لە هاوکێشەکان و دیاریش نییە بەکوێ و بەچی دەگات.



# جینۆسایدکردنی کورد

هاژە سلێمانی



کاتێک حکومەتی بەعس دەستیکرد بە جینۆسایدکردنی کورد، وڵاتانی ئەوروپا هەڵوێستیان

نەبووە بەرامبەر بە کورد و تەنانەت چەکی وڵاتانی ئەوروپا و دەرەوەی بەکار هێناوە دژی میلەتی کورد.

پرۆسەکانی ئەنفال لە ١٨ شوباتی ١٩٨٨ دەستی پێکرد و تا ٦ ئەیلولی هەمان ساڵ بەردەوام بوو، پرۆسەکە بەپێی پلانێکی تۆکمەی داڕێژراوی حزبی بەعس لە هەشت قۆناغدا ئەنجام درا و سەرباری وێرانکردنی دەیان گوند و شارۆچکە هاوکات ١٨٢ هەزار کەس ئەنفالکران.

دوای دابەشکردنی کوردستان لەلایەن زلهێزەکانی دونیا لە سەرەتایی سەدی رابردوو، زۆربەی سەرکردە کوردەکان پێیان وابووە قورسە یکگرتن، جۆشدانی خەبات بە رۆحی کوردستانیەت، بەهێزکردنی هێزی جەماوەریی، کردنی بە بیناغەییەکی سەرکیی بۆ بەردەوام بوون و پێداگرتن بۆ وەدەست هێنانی سەربەخۆیی. قورسی ئەو مەسەلەیەشیان گەراندۆتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکیی یەکەم، رووبەروو بوونەوە لەگەڵ چوار دەوڵەت کارێکە لە توانایی میللەتی کورددا نییە. دووەم، پێشبینی پشتیوانی نێو دەوڵەتی لێناکرێت. بەڵام دەتوانن سوودمەندبن لە ناکۆکیی نێوان زلهێزەکانی دونیا بەتایبەتی لە ناکۆییەکانی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆشیالیستی، ناتەبایی نێوان دەوڵەتانی ئیقلیم بە شێوەیەکی سەرەکی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە وکو عیراق، سووریا، ئێران و تورکیا، بگەن بەچارەسەر لەگەڵ هەریەکییان بە جیا.

ئەزمونی ئەو جۆرە مەمەڵەکردنە سەلماندویەتی پارتەکان بەرژەوەندیی خۆیان لامەبەست بووە، توانیویانە لە ئەنجامی پەیرەو کردنی ئەو سیاسەتە دەستکەوتی ماددیی و شەخسیی بەدەست بهێنن. ئەزمون ئەوەشی سەلماندوە ئەو وڵاتانەی کە کوردستانییان بەسەردا دابەشکراوە جێگەیی متمانە نیین لەسەر هەموو شتێک ناکۆک بووبن لەسەر مەسەلەی کورد یەک هەڵوێست و یەکگرتوو بوونە، لەدەرئەنجامی پەیروەکردنی ئەو جۆرە سیاسەتە سەرکردەکان لە گەمە سیاسییەکەدا دۆڕاندویانە و لە ئەنجامی ئەوانەدا بۆتە مایەی شکەست هێنان بە شۆرشەکە، یان لەدەستدانی دەستکەوتە نیشتمانیی و نەتەوەیەکان باشترین نمونەش حکومەتیی بنکەفرەوانی هەرێمە.

کوردستانیی ئیمرۆ جگە لە دابەشە سەرەکییەکەی کە لەلایەن بەریتانیاو فرەنسا ئەنجام دراوە لە سەرتایی سەدەی رابردوودا، پارتە کوردییەکانیش بە ئارەزووی بەرژەوەندیی خۆیان ئەو ووڵاتەیان بەش بەش کردوە، ئەمە رەنگدانەوەی هەیە لەسەر یەکریزی میللەتی کورد، بوونی چەند هێزێکی چەکداری نایەکگرتوو یەکێکە لەو دیاردانەی کە رەنگدانەوەی ئەو دابەشکردنەیە وە دەرئەنجامێکی باشی لێ چاوەروان ناکرێت بەتایبەتی لەو بارودۆخەی ئێستایی کوردستان کە رووبەرووی جەنگی داعش بۆتەوە.

میللەتی کورد تەنیا نەتەوە نییە لە مێژوودا شۆرشی کردبێت و شکەستیی خواردبێت، تەنیا نەتەوەش نییە بەهێزی چەکداریی و کیمیاباران هەوڵدرابێت سەرکوت بکرێت، تەنیا نەتەوەش نییە دووچاری کۆمەڵ کوژی، وێران و تاڵان کردن دەستدرێژی ناڕەوا بووبێت، یان خاوەن بیرەوەریەکی تاڵ و پڕ ئازار بێت، بەڵام یەکێکە لەو نەتەوانەی لە مێژوودا پێداگریی نەکردوە لەوەدەست هێنانی سەربەخۆیی وڵات، بڕیاڕی یەکلاکەرەوەی نەداوە بڵێت نا بۆ دووبارە نەبوونەوەی هەموو کارەستەکان و ئەزمونە هەڵەکانی پارت و سەرکردەکان.

ئەڵمانیایی نازی لە ساڵانی سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوو پلانی داڕێژراوی هەبوو بۆ دژایەتی کردنی جوو لە وڵاتەکەی و هەموو ئەو وڵاتانەی کە داگیری دەکردن، هەوڵ و تەقەلایی ئەوە بوو پێگەیی جولەکە لە نێو کۆمەڵگایی ئەڵمانی سەدەیی بیست بگەرێنێتەوە بۆ هەمان پێگەیی کە هەیان بوو لە سەدەی نۆزدەمدا. هیتلر ئەو پلانەی بە قۆناغی جیا جیا خستە بواری جێبەجێ کردنەوە.

لەسالی ١٩٣٥هەستا بە ناساندنیی چەند یاسایەک بۆ پاکتاوکردنی نەژادی. یاسای نیوریمبەرگ. ئەو یاسایا هاووڵاتی بوون و ناسنامەیی تاکەکانی نێو کۆمەڵگای ئەڵمانیایی دیاری دەکرد. هەر کەسێک هەتا چوار پشتی ئەڵمانی بوایە هەڵگری ناسنامەیی رەگەزی ئاری و ئەڵمانی پێ دەبخشرا. هەرکەسێک لە دوو پشتەوە ئەڵمانی بوایە دەبوو بە هەڵگری ناسنامەی نیو بە نیو. جووی ئەڵمانی ئەگەر لە چوار پشتی جولەکە بوایە ئەوا ناسنامەی جوو دەبوو. هەر

جوویەک لە دوو پشتەوە جوو بوایە هەڵگری ناسنامەیی تێکەڵ دەبوو. ئەڵمانیا هەندێ یاسایی تری دەرکرد وکو قەدەغەکردنی پەیوەندیی سێکسی نێوان مرۆڤی هەڵگری ناسنامەیی ئەڵمانیی لەگەڵ جوو و نەتەوەی تر، نەمانی یاسایی هاوسەرگەری گرتن لە نێوان هاوولاتی ئەڵمانی و جوو نەتەوەکانی تر. لە ساڵی ١٩٣٣ یاسایی بایکۆتکردنی بزنزیی جوویی خستە بواری جێبەجێکردن.

لە نێوان ساڵانی ١٩٤١- ١٩٤٥ بەرنامەی بەکۆمەڵ کوژی جوو لە ئەڵمانیای نازی دارێژرا، یەکەم هەنگاویان، دامەزراندنی شەش کەمپی هیلۆکۆستی کۆمەڵکوژی لە پۆلەندای داگیرکراو بوو. بەلزەک، کێلمنۆ، سۆبیدۆر، تریبلینکا، ماژدانەک، گەورەترینیان ئۆسشویتز- بیکینون کە دوو میلیۆن جووی تیاداکۆمەڵکوژ کرا. هەنگاوی دووەمیان، راگوێزانەوەی هەموو جوولەکەکانی ئەوروپا بوو بۆ ئەو شەش کەمپە. یەکەم کۆمەڵکوژی لە کەمپی بیلزاک لە ١٧ی سێی ساڵێ ١٩٤٢ ئەنجامدارا، ئەو کۆمەڵە پێکهاتبوون لە مرۆڤی پیر، نەخۆش و منداڵ. ئەو کۆمەڵ کوژییە جگە لە جوو، پۆلەندییەکان،شیعیوکان، هۆمۆسێکوەڵ قەرەج و بەدیل گیراوەکانی جەنگی روسیاشی گرتەوە. لەمانگی حەوتی ساڵی ١٩٤٢ تا مانگی دەی ساڵی ١٩٤٣ هەشتسەد هەزار تا یەک ملیۆن جوو لە کەمپی تریبلینکا کوژران.

ژمارەی کوژراوان و پەککەوتەکان گەیشتە ١١ ملیۆن مرۆڤ، لە نێوانیاندا یەک ملیۆنی منداڵی جوو بوون، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی جوولەکە شەش ملیۆن کوژراو بووە. هەموو دامودەزگاکانی سوپاو دارودەستەی ئەڵمانیا لە ئەنجامدانی ئەو کۆمەڵ کوژیە بەشدار بوون، ژمارەی مرۆڤە بەشدار بووەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو کۆمەڵکوژییە ١٠٠.٠٠٠ تا ٥٠٠،٠٠٠ کەس بووە.

جولکەکان لەگەڵ رابردووی زامەکانیان نەژیان، بەڵام لەیادیان نەکرد، کردیان بە بیناغەی دامەزراندنی پرنسیپی بەرز بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای خۆیان، خاڵی وەرچەرخاندن بۆ بارو دۆخی نالەباریان، بەهێزکردنی پێگەیان لە نێو کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی، رۆژهەلاتی ناوەراست و فەلەستین. جولەکەکان پێیان داگرت و بڕیاریاندا کە خاڵی وەستان دابنێنن بۆ هەموو ئەو زوڵمو ئازارانەی کە لە مێژووی ژیانی مرۆڤایەتیدا بەسەریاندا هاتبوو لە ئەنجامی چەوساندنەوەو پێشێل کردنی مافە ڕەواکانیان بەدەستی زۆرداران.

دوای تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەم، هەموو بەیەک دەنگ پێداگریان کرد لە دامەزراندنیی وڵاتێکی سەربەخۆ، لە ساڵی ١٩٤٨ لە فەلەستین توانیان ئەو دەستەکەوتە





بەدەست بهێنن. دیدو بۆچوونی وا هەبووە پێیان وابووە جوو ئەمریکا دروستی کردنەوە، دوور نییە ئەمریکا لەهەندێ قۆناغدا بەپێیی خواستی بەرژەوەندییەکانی خۆی پاڵپشتی لێکردبن وەک ئەوەی ئیمرۆ بۆ کورد دەیکات، بەڵام هیچ زلهێزێکی دونیا ناتوانێت بەرهەمی سەربەستی بۆ میللەتێکی تر مسۆگەر بکات ئەگەر میللەتەکە خۆی ئەو ئامادەیی، ویست، بڕواو سووربونەی تیادا بەدی نەکرێت. جوو بەدەست و بازووی خۆیان توانیان دەستەکەوتی سیاسیی بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن وە بتوانن لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ببن بە هێزێک کەس نەوێرێت خۆی لە قەرەیان بدات. بێگومان نەوەیەک بوو بە سوتەمەنی ئەو جۆرە بڕیارە لە مێژووی بزوتنەوەی جووەکان. ئەوەی وای لە جولەکە کرد بلێێن نا بۆ دووبارە بوونەوەی کارەساتەکان، جینۆسایدی هۆلاکۆست بوو.

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو میللەتی کورد دوچاری نەهامەتیی کۆمەڵ کوژیی و دەست درێژیکردنە سەر بووە لەلایەن سوپایی عیراقیی، ئەرتەشیی ئێرانی و هێزی جەندرمەی تورکیی. کۆمەڵ کوژی کوردیی عەشیرەتی بارزانییەکان، کاولکردن و وێران کردنی ٣٥٠٠ گوند لە سەرتانسەریی باشوور، کارەساتی ئەنفال، کیمیابارانی ناوچەکانی خۆشناوەتی، سلێمانی و هەڵەبجە، کیمیابارانی سەردەشت. لەو سەدەیەش هێرش لەلایەن هێزی ئیسلامی توندرەو بە پلەی یەکەم پێکهاتە لە تێکەڵی نەتەوەی عەرەب، تورک و فارس، بە پشتیوانی تورکیا ئەنجامدانی کۆمەڵ کوژی لە نێو نەتەوەی کورد لە ناوچەکانی شەنگاڵ و رۆژئاوایی ووڵات، ئەمانە هەمووی هەقی وایە میللەتی کورد بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆی بداو وەک جولەک بڵێت: ئازار و زامی میللەتێک، لە ئەنجامی داگیرکردنی ووڵات و ژێر دەستی لەلایەن داگیرکەرانەوە دەستدرێژی ناموس، کۆمەڵ کوژی، کاولکردن، رووخان و داماڵینی هەموو پیرۆزیەکانی کە بڕوایی پێییەتی دەگات بە ئاستیی لووتەکە. لە ئەنجامدا دەبێت بە رقێکیی ئەستووریی بڕیاردەر بۆ دانانیی خاڵی وەستان بۆ ئەو هەموو تاوانانە، پێداگرتن بۆ هەتا هەتایی ناهێڵین وامن بەسەر بێتەوە، کورد دەبێت ئەو بڕیارە بدات و خۆی لەیەک هێزی چەکداری میللی، سوپایی فەرمیی کۆبکاتەوە، لە ژێر یەک ئاڵا تەکان بە بزوتنەوەی رزگاری بدات و سنووریی جوگرافیایی کوردستان دیاری بکات، بڵێت نا بۆ سەرکردەی رووخاو، ئەو پارتانەی بوونەتە هۆی دابەشکردنیی زیاتری ووڵات، نابۆ ئەو سەرکردانەی بوونەتە نەوت فرۆش، نا بۆ پاشکۆیی کردنی بێگانەو ملکەچکردن بۆ بەرژەوەندیی و پارە، وەک ئەوەی جولەکەکان لە مێژوودا کردیان.

# داب و نەریتی فۆلكلۆری جەژنی كریسمس لە جیهاندا



سابیری سەندیكا

saberamerica@gmail.com

لە كوردستان جەژنی سەری ساڵ نزیك دەبێتەوە و خەڵك بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئەو هەستی خۆشی و دڵشادی دەكەن كە دەبینرێتەوە لەلایەن كەسوكارو هاورێكانیان. بەڵام ئایا هەرگیز بیری بنجەكانی نەریتە سەریساڵەكانمان نەكردۆتەوە ئەوەی جێبەجێیان دەكەین لە كاتی سەریساڵ؟ ئایا چی دەدۆزینەوە پشتی نەریتە تازەو كۆنەكانی سەری ساڵ ئەوانەی لەسەر جادەكانمان و لەناو ماڵەكانمان دیارن؟ بۆ نموونە، لەنێوان مەسیحیە یەكانی عێراقدا نەریتەكەیان بەم شێوەیە دێت كە بە ماڵ ماڵ كۆدەبنەوە لە ئێوارەی (25)ی مانگی دووانزە. لەو كاتە، یەكێك لە منداڵەكان چیرۆكی لەدایكبوونی حەزرەتی مەسیح دەخوێنێتەوە و هەموو ئەندامێكی تر گوێ دەگرن بە مۆمێكی داگیرساو لە دەستیان. دوای ئەمەش، ئاگری دەوەنی دڕكاوی دادەگیرسێنن و هەموو كەسێك گۆرانی دەڵێنەوە. ئەگەر دەوەنە دڕكاوییەكان بە خۆڵەمێش بوون باشبەختی دەكرێت بە هەموویان لە ساڵی داهاتوودا. كاتێك كە ئاگرەكە هێور بووەوە، هەر كەسێك پیویستە سێ جار بەسەر خۆڵەمێش باز بدەن و خۆزگە دڵیان دەخوازن.

## چەند جیاوازییەك لەگەڵ نەتەوە رۆژئاواكان:

داب و نەریتی سەریساڵ و كریسمس زۆر هەن كە لەلایەن ژمارەی وڵاتەكانی جیهانەوە پیادە بكرێن. لەوانەیە سەرچاوەی سەرسامی بۆ ئێمەی كورد لەوەدا بێت كە زۆربەی جار نەریتی سەریساڵ پێشووتر روو دەدەن لە وڵاتەكانی ئەوروپادا. بۆ نموونە، بابانوئێل لە پێنجی یان شەشی مانگی دووانزە دێتە لای منداڵانی هۆڵاند و ئەڵمانیەوە! هەروەها سەرنج و سەرسامی لەوەدا دەدۆزینەوە كە زۆربەی داب و نەریتی سەریساڵ پەیوەندیی راستەوخۆیان نییە بە جەژنی ئایینی (لەدایكبوونی حەزرەتی مەسیح) بەڵكو تەنها چەند سەدەیەك لەمەوپێش هاتنە ئاراوە.

## داری كریسمس:

سنەوبەرە ڕازاوەكە بەشێكی گرنگی ڕازانەوەی جەژنی كریسمسە لە زۆربەی ماڵەكانی ئەمریكا و ئەوروپادا. هەرچەندە نەریتی دێرین بوو لقەكانی سەوز دەهێننە



ناو ماڵیان، سنەوبەرە ڕازاوەکە یەکەمجار بوو بە نەریت لە سەدەی شانزەهەم لە وڵاتی ئەڵمانیەدا لەلایەن (مارتن لوسەر)ەوە (بنیادنەری بزووتنەوەی چاکسازی لە کڵێسەکانی ڕۆژئاوا). ئەو یەکەم کەس بوو سنەوبەرێك بە مۆم ڕازاندووەو هێنای بۆناو ماڵەکەی بۆ ئەوەی پیشانی بە منداڵەکانی بدات. ئێستا سنەوبەرەکان زۆرجار بە گڵۆپی بچووك و پەتی ڕانگاورانگ و تۆپی شووشەی بچووك و نەستلە دەڕازێنرێنەوە.

**بابانوئێل:**

یەکەمجار لە سەدەی نۆزدەهەمدا، بیرۆکەی بابانوئێل بڵاو بووەوە لە وڵاتی ئەمریکا. ناوەکەی لە ئاوەدانکەرەوە هۆڵاندیەکانەوە هاتووە ئەوەی نەریتی (سنتەکلاس)یان هەبوو. سنتەکلاس خۆی لە نەریتی کۆنی قەشەیەکی تورکیاوە وەر گرتووە، ئەو قەشەیەش بەناوی (نیکۆلاوسی پیرۆز) بوو و لەسەدەی چوارهەمی زاینی ژیابوو. لە سەردەمی مۆدێرن ناوەکەی لە پەرتووکێکی ڕۆمان هاتووە لە ساڵی (1809)دا – نووسەرەکەش واشنگتۆن ئێرڤین بوو. لە ساڵی (1863)دا، (سانتا کلۆس) بەناوبانگتر بوو بەهۆی شیعرێکەوە. لەم شیعرەدا بابانوئێل جلی سوور لەبەر دەکات، سەبیلێك دەکێشێت و گالیسکە بەفربنە لێ دەخۆرێت ئەوەی بە ئەسکی کێوی ڕادەکێشرێت.

**کارتی سەریساڵ:**

کارتی سەریساڵی دەستکرد لە ئینگلتەرەی ڤیکتۆریایی بڵاو بووەو زۆرجار دراون بە کەسوکاری خۆشەویست. یەکەمین کارتە سەریساڵ لەلایەن (بەرێز هەنری کۆل) ەوە دروستکراوە لە ساڵی (1840)دا، ئەویش یەکەمین پوولی بەریدی خستەڕوو. بەڵام پیاوێکی ئەمریکی (لویس پرانگ) داهێنەری کارتی سەریساڵی چاپکراو بوو. دوکانێکی چاپکردنی سەرکەوتووی هەبوو و زنجیرەیەکی کارتی سەریساڵی بەناوبانگی بەرهەم هێنا. بە هەشتاکانی



سەدەی نۆزدەهەم، ساڵانە زیاتر لە پێنج ملیۆن کارتی چاپ دەکرد.

## دەربارەی چی ئاهەنگ دەگێڕین؟

جەژنی باوەڕی (لەدایکبوونی حەزرەتی عیسای مەسیح) پێویستە بە جیا سەیر بکرێت لەو داب و نەریتە فۆلکلۆریەکان ئەوانەی لەم سێ چوار سەدەی رابردوو سەرهەڵداون. جەژنی کریسمس بەستراوە بە لەدایکبوونییەکی بەرجەستەو منداڵێکی ڕاستەقینە ئەوەی بانگکراوە ببێت بە هەرە پیرۆزترین و بەهێزترین پێغەمبەری خودا. لەدایکبوونی ئەم منداڵە لەگەڵ راگەیاندنی فریشتە بۆ مرۆڤدا بوو کە رزگارکاری جیهان لەدایك بووبوو، ئەویش لەدایك بووبوو بۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی لە گوناهەکانیان لەبەردەم خودای گەورەدا! هەروەها هاتنی عیسای مەسیح لەگەڵ ئەوەشدا بوو کە کۆمەڵێ هێزی ئاسمان دەرکەوتن و گۆرانییان ووت دەربارەی ئاشتیی خودا و بەرەکەتییەکەی لەسەر ئەوانەی قبووڵی مەسیح دەکەن وەك رزگارکار و سەرگەورەی

## خۆیان. لەدایك بوونی عیسا

1 لەو سەردەمەدا لە ئوغستۆسی قەیسەرەوە فەرمان دەرچوو تا هەموو دانیشتووانی وڵاتەکەی ناونووس بکرێت.
2 ئەم ناونووسکردنەش یەکەمجاری بوو، لەکاتێکدا کیرینیۆس فەرمانڕەوای سوریا بوو.
3 ئیتر هەر یەکە بۆ شاری خۆی رۆیشت بۆ ناونووس کردن.
4 جا یوسف لە شاری ناسیرەوە کە لە ناوچەی جەلیل بوو، بەرەو شارەکەی داود ڕۆیشت کە ناوی بەیت
لەحم بوو لەناوچەی یەهودیا. چونکە ئەو لەبنەماڵەو هۆزی داود بوو.
5 تاکو لەگەڵ مریەمی دەزگیرانی کە لەو کاتەدا سکی هەبوو، لەوێ ناونووس بکرێن.
6 هەر لەو کاتەدا ئەمان لەوێ بوون، کاتی منداڵ بوونی هات.
7 لەبەرئەوەی لەمیوانخانە شوێنیان دەست نەکەوت چوونە تەویلەیەك لەوناوە، ئینجا لەوێدا کوڕە نۆبەرەکەیبوو، پێچایەوەو لەئاخوڕی تەویلەکەدا خەواندی.

## فریشتەیەك مزگێنییەدەدا

8 لەو ناوچەیە شوان هەبوون لەدەشت دەمانەوەو بەنۆبە ئێشکی مێگەلیان دەگرت.
9 فریشتەیەك لەلایەن خوداوەندەوە هاتە لایان، شکۆمەندی خودا لە دەوروپشتیان درەوشایەوە، بەمە ترسێکی زۆریان لێنیشت.
10 فریشتەکە پێی وتن: (مەترسن، ئەوا من مژدەیەکی خۆشو مەزنتان پێدەدەم کە بۆ هەموو گەلە.
11 ئەمڕۆ لەشاری داود ڕزگارکەرێك بۆ ئێوە لەدایکبوو، ئەویش مەسیحی خوداوەندە.
12 ئەمەش نیشانە بێ بۆتان، لەوێ منداڵێکی پێچراوەی نووست و لە ئاخوڕێکدا دەبینن.) 13 لەپڕێکدا لەگەڵ فریشتەکە کۆمەڵێ هێزی ئاسمانی دەرکەوتن، ستایشی خودایان دەکرد و دەیان وت:
14 (شکۆمەندی بۆ خودا لەبەرزایی، بۆ سەر زەویش ئاشتی، بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.)
15 کاتێ فریشتەکە لای شوانەکان بەرەو ئاسمان ڕۆیشت،



بەیەکتریان وت: (کەواتە بابڕۆین بۆ بەیتلەحم تا ئەو ڕووداوە ببینین کەوا خوداوەند پێیڕاگەیاندین.

16 بەخێرایی هاتن شوێنەکەیان دۆزیەوە، منداڵەکەیان بەنووستویی لەئاخوڕەکەدا بینی لەگەڵ مریەم و یوسف.

17 کاتێ ئەمەیان بینی، دەستیانکرد بەبڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵەی لەبارەی ئەو منداڵەوە پێیان وترابوو.

18 هەموو ئەوانەی گوێیان لەمەبوو، سەریان سوڕما لەوەی شوانەکان دەیان وت.

19 بەڵام مریەم ئەم شتانەی هەموو لەبیری خۆی دادەناو لەدڵی خۆی لێکیدەدایەوە.

20 دوای ئەوە شوانەکان گەڕانەوە، دەم بەستایشی خوداوە بۆ هەموو ئەوەی بیستیانو بینییان، بەو شێوەیەی پێیان وترا بوو.

## خەتەنەکردنی عیسا

21 لە کاتی خەتەنەکردنی منداڵەکە، دوای بەسەرچوونی هەشت ڕۆژ بەسەر لەدایك بوونی، ناوینرا عیسا وەك لەسەر زمانی فریشتەکە پێشتر ناونرا، پێش ئەوەی دایکی سکی پێی هەبێ.

22 دوای ئەوەی ڕۆژانی پاکبوونەوەی تەواوبوو، بەپێی شەریعەتی موسا، یوسفو مریەم بردیان بۆ قودس، تاکو پێشکەشی خوداوەندی بکەن.

23 وەك لە شەریعەتی خوداوەند نووسراوە: {هەموو کوڕێکی نۆبەرە کە سکی دایك دەکاتەوە دەبێتە پیرۆزکراو بۆ خوداوەند.}

24 هەروەها بۆ پێشکەش کردنی قوربانی، وەك لەشەریعەتی خوداوەند وتراوە: {جووتێ کوکوختی یان جووتێ بێچووە کۆتر.}

25 لەقودس پیاوێك هەبوو ناوی شەمعون بوو، پیاوێکی چاکو لەخواترس بوو، چاوەڕێی دڵدانەوە بوو بۆ ئیسرائیل، ڕۆحی پیرۆزیشی لەسەر بوو.

26 ڕۆحی پیرۆز ئاگاداری کردبوو، کە نامرێ تا مەسیحی خوداوەند نەبینێ.

27 بەهۆی ڕۆحەوە هاتبوو بۆ پەرستگا کاتێ دایکو باوکی عیسا منداڵەکەیان هێنا تا بەپێی شەریعەت ئەوەی پێویستە بیکەن بۆی.

28 شەمعون هەڵیگرت و لە ئامێزی کرد، ستایشی خودایکردو وتی:

29 (ئەی خوداوەندی سەروەر، ئێستا بەندەی خۆت بە ئاشتی بەرێ بکە بەپێی بەڵێنی خۆت.

30 ئەوا چاوم ڕزگاری تۆی بینی،

31 ئەوەی ئامادەت کردووە بۆ هەموو گەلان،

32 ڕووناکی ڕاگەیاندنە بۆ نەتەوەکان و شکۆمەندییە بۆ ئیسرائیلی گەلی خۆت.)

33 دایك و باوکی سەرسام بوون لەوەی دەربارەی منداڵەکە





وترا.
34 شەمعون داوای پیرۆزی بۆ کردن و بە مریەمی دایکی منداڵەکەی وت: (بەهۆی ئەم منداڵەوە کەسانێکی زۆر لەئیسرائیل دەکەون و زۆریش هەڵدەستنەوە، دەبێ بەنیشانەیەك بەربەرەکانی دەکرێ،
35 تا نیازی دڵی زۆرکەس ئاشکرابێ. شمشێرێکیش جەرگی تۆ دەبڕێ.)
36 ژنێك بەووشەی خودا دەدوا ناوی حەننە بوو کچی فەنوئیل بوو، لەتیرەی ئەشیر بوو، زۆر بەساڵدا چوو بوو، تەنها حەوت ساڵ لەگەڵ مێردەکەی ژیابوو.
37 پاشان بەبێوەژنی مابووەوە تا تەمەنی گەیشتبووە هەشتاو چوار ساڵی. پەرستگای بەجێ نەدەهێشت، شەو و ڕۆژ خودای دەپەرست، بەنوێژو ڕۆژوگرتن.
38 لەوکاتەدا ئامادەبوو، دەستیکرد بە سوپاسکردنی خوداو باسی عیسای لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کرد کە چاوەڕوانی ڕزگاری بوون لە قودس.
39 کاتێ هەموو ئەوانەی شەریعەتی خوداوەند داوای دەکات تەواویان کرد، گەڕانەوە بۆ شارەکەیان کە ناوی ناسیرە بوو لەجەلیل.
40 منداڵەکە نەشونمای دەکردو بەهێز دەبوو، پڕبوو لەداناییو بەرەکەتی خودای لەسەر بوو.

## عیسا لە پەرستگادا

41 دایکو باوکی هەموو ساڵێك لەجەژنی تێپەڕبوون دەچوون بۆ قودس.
42 کاتێ عیسا تەمەنی گەیشتە دوانزە ساڵ، وەك هەموو ساڵانی تر لەجەژندا بەرەو قودس ڕۆیشتن.
43 دوای تەواوبوونی ڕۆژانی جەژن گەڕانەوە، عیسای مێردمنداڵ لەقودس مایەوە بێئەوەی ئەوان بزانن.
44 وایان دەزانی کە لەگەڵ هاوڕێکانیاندایە بەڕێگاوە، ڕۆژە ڕێگایەك ڕۆیشتن، دوای ئەوە دەستیانکرد بەگەڕان بەدوایدا لەنێوان خزم و ناسیاوەکانیان.
45 کاتێ نەیان دۆزیەوە گەڕانەوە بۆ قودس تا بەدوایدا بگەڕێن.
46 دوای سێ ڕۆژ گەڕان لەپەرستگادا دۆزیانەوە، سەیریانکرد دانیشتووە لەنێوان مامۆستایانی شەریعەت، گوێی بۆ ڕاگرتوون و پرسیاریان لێدەکات.
47 هەموو ئەوانەی گوێیان لێیبوو، سەرسام بوون لە تێگەیشتنو وەڵامدانەوەی.
48 کاتێ بینییان سەریان سوڕما، ئینجا دایکی پێی وت: (کوڕم بۆ وات لێکردین؟ من و باوکت بە بێ ئارامی بەدواتدا دەگەڕاین.)
49 وەڵامی دانەوە: (بۆچی بەدوامدا دەگەڕان؟ ئایا نەتاندەزانی پێویستە لەسەرم لەماڵی باوکم بم؟)
50 بەڵام ئەوەی ئەو وتی، ئەوان تێینەگەیشتن.
51 ئینجا لەگەڵیان گەڕایەوە بەرەو شاری ناسیرەو گوێڕایەڵیان بوو، مریەمی دایکیشی ئەمانەی هەموو دەخستە دڵیەوە.
52 عیساش لەداناییو بەژنو باڵا گەورە دەبوو، جێی ڕەزامەندی خوداو خەڵکی بوو.

# لەیادی تێپەڕبوونی سەد ساڵ

# بەسەر تراژیدیای

# ئەرمەنییەکاندا

دییە کوردستان





لەناو ئەو نەتەوەو نەژادانەی لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ئەژیان، ئەرمەنییەکان لەهەموویان کارەستبارتر بوون، چەندین جار رووبەرووی کۆمەڵکوژی بوونەتەوە، بەپێچەوانەی هەندێك بۆچونەوە کەپێیان وایە کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکان لەساڵانی 1917-1915 بەرێوەچوە، کۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان لەکۆتایی سەدەی نۆزدە (بەدیاریکراوی لەساڵی 1894) و بەپلانی پێشوەختی دەوڵەتی عوسمانی و، بەسەرپەرشتی راستەوخۆی سوڵتان عەبدولحەمید دەستپێکردوە، سەرەتا سوڵتان لەرێگەی جاسوسەکانییەوە کەوتە بڵاوکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی کەئەرمەنییە کافرەکان دەستیان لەگەڵ دوژمنەکانی سەڵتەنەت تێکڵاوکردوە بۆیە سەروماڵیان حەڵاڵە، لێرەوە سەرەتای قۆناغێکی یەکجار سامناك دەستپێکرد کەتیایدا نەتەوەیەك نزیك بوو لەوەی بەتەواوی لەناو بچێت، زنجیرەیەك لەناوبردنی بەکۆمەڵ دەستی پێکرد. ئەگەرچی دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی داخراوو بوو، زۆر بەزەحمەت هەواڵ و روداوەکانی ناوخۆ ئەگەیشتنە جیهانی دەرەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین دیمەنی سامناکی کوشتاری ئەرمەنییەکان لەژێر دەست و فەرمانی سوڵتاندا گەیەنراوەتە جیهان، یەکێك لەو دیمەنانەی کەگواستراوەتەوە بۆ جیهانی دەرەوە سوتاندنی سێ هەزار ئەمەرنییە لەکەڵیسای گەورەی شاری ئۆرفا، (جیرالد فیتزمۆریس) کەئەوکات کارمەندێکی پلەبەرزی باڵویزخانەی ئینگلیز بوە لەقوستەنتینیە لەم بارەیەوە راپۆرتێکی بەوردی نوسیوە، ئەو کارمەندە باسی ئەوەمان بۆ دەگێرێتەوەکەنزیکەی سێ هەزار هاوڵاتی ئەرمەنی لەترسی کوشت و برین، پەنایان بردوەبەر کڵیسای گەورەی شاری ئۆرفا، پێیان وابوو پیرۆزی شوێنەکە وا ئەکات پارێزراو بن و کەس دەستدرێژییان نەکاتەسەر، بەڵام ئەم خەونەیان تەنها چەند رۆژێك بەردەوام بوو، دوو رۆژ دواتر و لەنوێژی هەیینیدا موفتی شاری ئۆرفا هێرشی توندی کردەسەر ئەرمەنییەکان و سەر و ماڵیانی حەڵاڵ کرد، راستەوخۆ دوای نوێژی هەینی، تورکەکان بەدەنگی (اللهاکبر) و بەهاواری شەیپورەوە هێرشیان کردەسەر ماڵە ئەرمەنەکان و تاڵانیان کرد ژن و پیاوەکانیان لەناوبرد، دواتریش سەربازەکان پەلاماری کڵیساکەیاندا ئاگریان تێبەردا، لەم رووداوەشدا نزیکەی سێ هەزار ئەرمەنی بوون بەخەڵوز.

کوشت و بڕی ئەرمەنییەکان بەشێوەیەکی سامناك بەردەوام بوو ، لەمانگی ئابی ساڵی 1896، بیست لاوی ئازای ئەرمەنی، بەمەبەستی سەرنج راکێشانی دنیا بۆ ئازاری ئەرمەنییەکان، پەلاماری بانکێکی عوسمانییاندا لەقوستەنتینەو دەستیان بەسەردا گرت، پاشان هێزەکانی سوڵتان پەلاماریاندان، لاوە ئەرمەنەکان بەچەکە سادەو نارنجۆکەکانی دەستیانەوە بەدرێژایی چوار کاتژمێر بەرگرییان کرد و دژ بەسوپا





گویرایەڵەکەی سوڵتان شەریان کرد، پاشان بەنێو بژیوانی باڵوێزانی ئەوروپا ئەو بیست لاوە رازی بوون باڵەخانەکە تەسلیم بکەن بەمەرجێك بەسەلامەتی قوستەنتینیە جێبهێڵن، مەرجەکە وەك خۆی جێبەجێ کراو ئەو بیست لاوەبەسەلامەتی قوستەنتینەیان بەرەو پاریس بەجێهێشت، بەڵام لەتۆڵەی ئەوەدا تورکەکان هەر هەمان شەو لەقوستەنتینیەدا حەوت هەزار ئەرمەنیان گۆشاوگۆش سەربڕی، ئارتۆ نیکسون کەگەریدەیەکی ئینگلیز بووە ئەم روداوی سەربڕینەی ئەرمەنەکانی قوستەنتینیەی بەچاوی خۆی دیوە، نامەی بۆ هاورییەکی نوسیوەو تیایدا دەڵێت (وەك چۆن ئاژەڵەکان راوەکرێن ئاواش ئەرمەنەکان راوەکرێن، دیمەنی سەربڕینی ئەرمەنەکان بەرادەیەك سامناکە مرۆڤ بەبینینی گیانی دێتەلەرزین) ، ئەم گوشتارگەیەتا دوا ساتەکانی تەمەنی سوڵتان عەبدولحەمید بەردەوام بوو، لەکۆی گشتیدا نزیکەی 100 هەزار هاولاتی ئەرمەنی کوژران.

دوای ئەوەی لەرێگەی کۆدێتایەکی سپییەوە لەساڵی1908، حزبی ئیتیحاد و تەرەقی سوڵتانی لەسەڵتەنەت خست، یەکێك لەسەرکردەکانی ئەم حزبە نوییە ناوی ئەنوەر بوو، ئەنوەر بەکردەوە کاری بۆ ئەوەکرد کەئەو کارە تەواو بکات کەسوڵتان بەعبدولحەمید پێی تەواو نەکرا بوو، راپۆرتەکانی ئەو سەردەمە ئەوە بەیاد ئەهێیننەوەکەئەنوەر لەچەندین بۆنەدا ئەوەی باسکردوە بەنیازە چارەسەرێکی بنەرەتی بۆ کێشەی ئەرمەنەکان بدۆزێتەوە.

لەسەردەمی ئەنوەردا دەوڵەتی عوسمانی بەکردوەکاری بۆ لەناوبردنی تێکرای ئەرمەنەکان کرد، شێوازی لەناوبردنەکان بەجۆرێك بوو، تێکرای نێرینەی ئەرمەنەکانیان جیادەکردەوەو بەگوریس بەیەکیانەوە دەبەست و پاشان بەپێ بەرەو حەلەب بەرێیان دەکردن، لەرێگاشدا جەندرمە تورکەکان بەهاوکاری هەندێك لە هۆزە کوردەکان و چەکدارەکانی سوارەی حەمیدیەی پەلاماریان ئەدان و سەریان ئەبڕین، بەهەمان شێوە کاروانی ژنەکانیان بەرەو حەلەب بەرێدەکران، کاروانی ژنەکان پاسەوانیان بۆ دا ئەنرا، بەڵام پاسەوانی چی؟ هەمان ئەو پاسەوانانە بەئارەزووی خۆیان دەستدرێژیان ئەکردەسەر ژنەکان و وەك میوە هەر سەربازێکی تورك یان هەر چەکدارێکی خێڵەکوردەکان ژنێکی بەردەکەوت، لەم لایەنەوە راپۆرتێك لەباڵویزخانەی ئەمریکاوە لەقوستەنیتینە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا نێردراوە، ئەو راپۆرتە باس لەوەئەکات لەکاروانێکی 18 هەزار کەسی کە هەموویان ژن و منداڵ بوون، بەشێکیان لەگوندی خارپووت و بەشەکانی دیکەشیان لەناوچەکانی سیواسەوە هێنرابوون، بەرێکران بەرەو حەلەب، بەڵام لەرێگا لەلایەن جەندرمە تورکەکان و کوردەکانەوە پیاوەکانیان دەکوژران و کچە جوانەکانیان جودا دەکرانەوەو دەستدرێژییان ئەکرایە سەر، رۆژ بەرۆژ بەهۆی برسێتی و تینوێتییەوە لێیان دەمرد، کاتێك ئەم کاروانە گەیشتەحەلەب تەنها 150 کەسی رووت و برسی و ماندوویان مابوەیەوە.

بەم شێوەیە لەکۆی ئەو دوو ملیۆن ئەرمەنییەی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەژیان، نزیکەی سێ یەکیان لەناوبران ، بەشێکیان رایانکردە روسیا و ، بەشەکەی تریشیان بەشارەکانی تورکیادا بڵاوبوونەوە.

# دیدەنی عیسا

# لەلایەن كوردەوە



نوسینی: سیروان حەمە رەئووف

Sirwan963@hotmail.com

دەوروبەری 800 ساڵ پ.ز.میخای پێغەبەر بەم جۆرە باس لە شوێنی دایك بوونی عیسای مەسیح دەكات.

[ بەڵام تۆ بەیت لەحم شارێكی بچوكیت لەناوچەی یەهودیا لە تۆوە یەكێك دێت دەبێتە دادوەری هەمو ئیسرائیل، سەرەتاییەكەی لە دێرینەوە بوە، لە كاتی باوباپیرانمانەوە بووە.] (میخا5"2 )

دوای لەدایك بوونی عیسا لەبەیت لەحمی یەهودیا لەسەردەمی هێرۆدسی پادشا. لەسەردەمی هێرۆدسی پادشای گەورە عیسای مەسیح لەدایك بوو.

هێرۆدس بە رەگەز ئادۆمی بوو، لەلایەن رۆمەكانەوە كرابوو بە پادشا لەسەر فیلەستین. بەدڵ رەقی و فێڵبازی ناوبانگی دەركردبوو، هەوڵیدا بەمنداڵی عیسا بكوژێت، بۆیە فەرمانیدا هەموو منداڵەكانی بەیت لەحم، ئەوانەی تەمەنیان لە دوو ساڵ كەمتربێت بكوژرێن.

هاوكات هێرۆدسی پاشا هەستا بە كوشتنی هەمو منداڵانی شاری بەیت لەحم و دەوروبەری.

(مەتتا2"16 ) بخوێنەرەوە.

بەڵێ ئەو شارە بچوكەی مەسیحی چاوەڕوانكراوی تیادا لەدایك بوو، بەیت لەحم بوو شارەكەی حەزرەتی داود. یوسف سەر بە بنەماڵەو هۆزی داود بوو، یوسف و مریەمی دەزگیرانی لەشاری ناسیرەوە كە لە ناوچەی جەلیل بوو بەرەو شارەكەی داود ڕۆیشتن، كە ماوەی نێوان ناسیرەو بەیت لەحم 120 كم، ماوەی 3 رۆژ رۆیشتن بوو.

یوسف و مریم لەشاری بەیت لەحم بوون، كاتێك مریم وەختی منداڵ بوونی هات. لە لێدانی ئەم دەرگای ماڵ بۆ ئەو دەرگای ماڵ، تەنانەت میوانخانەكانیش جێگەیەكی تیادا دەست نەدەكەوت لەبەر قەرەباڵغی.

بۆیە ناچاری چوونە تەوێلەیەك لەو ناوە. مریم لەناو ئەو تەوێلەیەدا كوڕە نۆبەرەكەی بوو، لەئاخوڕی تەوێلەكەدا خەواندی و ناویان لێنا عیسا واتە (ڕزگاركەر).

ئەمانە هەمووی ڕویدا تاوەکو ئەوەی خوداوەند لەسەر زمانی پێغەمبەر (ئەشعیا) ڕایگەیاند بێتەدی [ لەبەر ئەوەی خوداوەند خۆی نیشانەت دەداتێ، کچێك بە کۆرپەیەك سکی پڕ دەبێت و کوڕێکی دەبێت، کوڕەکەش ناوی دەنرێت عەمانۆئیل. واتە خودا لە گەڵمانە.] ئەشعیا7"14 .

بەدەرکەوتنی فریشتەکە لەلایەن خوداوەندەوە بۆ ئەو شوانانەی کە لەو ناوچەیە لەدەشت دەمانەوەو بە نۆبە ئێشکی مێگەلیان دەگرت، شکۆمەندی خودا درەوشایەوە لە دەوروپشتیان، لە پڕێکدا لەگەڵ فریشتەکە کۆمەڵێ هێزی ئاسمانی دەرکەوتن، ستایشی خودایان دەکرد و دەیان وت: [ شکۆمەندی بۆ خودا لەبەرزای، بۆ سەر زەویش ئلشتی، بۆ ئەوانەی جێی ڕەزامەندی ئەون.]


دوای لەدایك بوونی عیسا لەبەیت لەحمی یەهودیا لەسەردەمی هێرۆدسی پادشا. هەندێ ئەستێرەناس لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە قودس، پرسیان: [ پادشای لەدایك بووی جوولەکە لە کوێیە؟ ئێمە لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی ئەومان بینی، هاتووین کڕنوشی بۆ ببەین.] مەتتا2"2-1 .

باپێکەوە بگەڕێینەوە بۆ کورتەیەك باس لە مێژووی ئەم ئەستێرە ناسانە لە ڕۆژهەڵاتدا.

ئایا ئەو ئەستێرەناسانە کێ بوون و چۆن زانیوویانە ڕۆژێك دێت پادشای لەدایك بووی ڕاستەقینە لەدایك دەبێت.

هەر لەبەر ئەم هۆیەش بە پێویستم زانی بگەڕێینەوە بۆ پەڕتووکی حەزرەتی دانیال. ئەم پەڕتووکەش حەزرەتی دانیال خۆی نوسیوویێتیەوە لە ساڵاکانی 530 پ.ز. واتە بەماوەیەکی کورت دوای دەست بەسەرداگرتنی بابل (ئیمپراتۆریەتی بابل) لە لایەن (کورشی) فارسەوە لە ساڵاکانی 539 پ.ز.

لەپەڕتووکی دانیال بەشی 5 ئایەتی 3 دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە، کە داریوش پادشا ناسراو بە (میدیایی) لەتەمەنی 62 ساڵیدا دەسەڵاتی پادشایەتی کەوتە ئەستۆ بەسەر ئیمپراتۆریەتی (بابل). داریوس پادشایەکی بەناوبانگی میدیایی بوو، بە مرۆڤێکی تێگەیشت و خۆشەویست ناسراو بوو لە لایەن میللەتەوە، داریوس هەمیشە خولیای ئەوە بوو کەسانی ژیرو تێگەیشت و لە دەوروبەری خۆی کۆبکاتەوە. گرنگی نەئەدا بە لایەنی



نەتەوەی.

هاوکات نزیکترین ڕاوێژکاری داریوس کوڕە جولەکەیە بوو، کەناوی دانیال بوو.

دانیال کەسێکی خواپەرست و ژیرو وریاو ڕاست و باوەڕپێکراو بوو. بێگومان داریوس هەندێك ڕاوێژکاریکەی لە دەوروبەری خۆی کۆکردبۆوە، بەڵام ئەم کەسانە ڕۆحی خۆپەرستی و فێڵ و بەغیلی و حەسوودی و للوت بەرزیان تێدا بوو. لە ئەنجامی کاریگەری ئەو کەسایتیە خراپانەوە هەوڵی کوشتنی حەزرەتی دانیالیان ئەدا. لە کورتەی باسەکەماندا چاڵیان بۆ حەزرەتی دانیال هەڵکەندو، لەسەر بڕیاری فەرمان دەرکردنی داریوس سزای حەزرەتی دانیال درا بە خستنە ژورەوەی بۆ ناو لانەی شێری برسی.

لەڕاستیدا ئەم فەرمان دەرکردنە خواستی دڵی داریوس نەبوو، بەڵام یاسایەك بوو نەیدەتوانی پاشگەز بێت لە ئەنجام نەدانی.

خودای ڕاست و دروست و بە بەزەیی ئەو شەوە فریشتەی خۆی ناردو دەمی شێری برسی داخست، کەبەهیچ شێوەیەك نەیانتوای ئازار بە دانیال بگەیەنن، چونکە دانیال مرۆڤێکی بێ تاوان بوو لەو تاوانەی خرابووە پاڵی. ئەو شەوە پادشا داریوس بەبێ خواردن و خەو مایەوە.



لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆژی بەرەبەیان داریوس هەستاو بە خێرایی چووە سەر لانەکە، کاتێك نزیك بووەوە لەلانەکە و هاواری کردو و بە دەنگێکی ناڵاندنەوە وتی"
[ دانیال، ئەی خزمەتکاری خودای زیندوو، ئەو خودایەت، کە بە بەردەوامەمی خزمەتت دەکرد، توانیوویەتی لە مردن ڕزگارت کات (لەدەم شێری برسی).] دانیال 6"22-19
هەر ئەم کارە سەر سوڕهێنەرەی خودا بوو کاریگەری خۆی لەسەر ژیانی داریوس کرد بۆ باوەڕ هێنان بە خودای دانیال. دوای باوەڕهێنان داریوس ئەم بەیانامەو فەرمانەی بڵاوکردەوە:
پادشای داریوس ئەمەی نووسی بۆ هەموو کەسێك، بۆ هەموو نەتەوەکان، بۆ هەموو زمانەکانی ناو وڵاتەکە:
[ من ئەم فەرمانە دەردەکەم بۆ هەموو بەشێك لەبەشەکانی مەملوکەتم پێویستە خەڵکی ترس و ڕێز بگرن لە خودای دانیال. چونکە خودایەکی زیندووەو هەروەها خودایەکی بە خۆڕاگری تاهەتاییە، مەملوکەتەکەی هەرگیز لەناو ناچێت، دەسەڵاتەکەشی هەرگیز کۆتایی نایەت. خودایەکی ڕزگارکەرەو هەروەها ڕزگاریش دەبەخشێت، نیشانەو کاری سەرسوڕهێنەر لە ئاسمان و سەر زەویش پیشان دەدات. خودا دانیالی ڕزگارکرد لە توانای شێرەکان.] دانیال 6"-25 28. بێگومان مێژووش پێمان دەڵێت، هەر بەباوەڕهێنانی داریوس بەخودای دانیال، کە دەسەڵاتی پاشایەتی داریوس لە زۆربەی ناوچەکانی ئەمڕۆی کوردستان بوو.
ئەمەش ئەو ڕاستیە بێ پێچ و پەنایە هەڵدەگرێت، کە زۆربەی خەڵکی کوردستان باوەڕیان بە خودای دانیال هێنا، واتە باوەڕیان هێنا بە (کتێبی پیرۆز).
دوای باوەڕهێنانی داریوس، حەزرەتی دانیالی هەڵبژارد وەك سەرۆك و مامۆستای پیاوە ژیرو زاناکانی مەملوکەتەکەی. ئەم پیاوە ژیرانەش پێیان دەوترا"magi " ، واتە ئەستێرەناس. لەسەرەتای کتێبی پیرۆزەوە واتا لەسەرەتای (تەورات)، یەکەم پەڕتووکی تەورات بە پەڕتووکی (پەیدابوون) دەست پێدەکات، تاکو هاتنی عیسای مەسیح پێشبینی لە هاتنی دەکرێت لەسەر زاری پێغەمبەرەکانەوە.
دەوربەری 700 ساڵ پ.ز ئەشعیای پێغەمبەر، بەم جۆرە

باس لە هاتنی عیسای مەسیح دەکات:
[ ئێمە منداڵێکمان دەبێ، کوڕێکمان پێ دەدرێ، کە دەسەڵاتی لەسەر ئەستۆ دەبێ و پێی دەگوترێ: [ ڕاوێژکاری مەزن، خودای گەورە، باوکی تاهەتایی، میری ئاشتی، پەرەسەندنی دەسەڵات و ئاشتی ئەو، کۆتایی نایە...] ئەشعیا 9"7-6.


بێگومان حەزرەتی دانیال بەردەوام بووە لە ڕاگەیاندنی پێشبینی لە بارەی هاتنی عیسای مەسیحی ڕزگارکەر. یەکێك لەو پێشبینیانەی لە پەڕتووکی دانیالدا هاتووە، دانیال9"-24 26 بخوێنەرەوە.

برامان قەشە (john Macarthur)، بۆمان ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت" ئەوانە هەموویان هەفتەکان بوون لەساڵاکاندا، لە کاتێکدا هەفتەکان، هەموویان بە شێوەی جیاواز پێناسە کراون.

(دانیال10"3-2) بخوێنەرەوە. ماوەی کاتەکە درێژ بۆتەوە لە ئیمپراتۆریەتی فارسەکان لەکاتی دەرکردنی فەرمانی پادشای فارس (ئەرتحشەشتا)، بۆ دروست کردنەوەی دیوارەکانی ئۆرشەلیم لەلایەن نێرراو نحمیا لە ساڵەکانی 445پ.ز.

(نحمیا2"8-1. بخوێنەرەوە. ئەم دیمەنە گشتییە ئەم دوو خاڵەی خوارەوە لە خۆ دەگرێت:

1-7 هەفتە یان 49 ساڵ" دەشێت کۆتایی کارکردنی نحمیا بووبێت لە دورستکردنەوەی" شەقام و دیوارەکانی" ئۆرشەلیم. هەروەها کۆتایی خزمەتەکەی نێرراو( مەلاکی )



بوو بێت، واتە کۆتایی بەشی کۆنی کتێبی پیرۆز.

2- 62 هەفتە یان 434 ساڵی زیاتر، واتە کۆی 483 ساڵ بۆ یەکەم دەرکەوتنی مەسیح بوو. ئەم پێشبینیە هاتە دی بەسەرکەوتنەوە لە 9 نیسان، واتە 30 د.ز.

لەڕاستیدا حەزرەتی دانیال نەیزانیوە کەی مەسیح ئەوەی پیرۆزکراوە دێت. بەڵام بەدڵنیاییەوە پیاوانی ژیرو زانایانی ئاگادار کردۆتەوە لە دەرکەوتنی نیشانەی تایبەت لە ئاسماندا، کاتێك مەسیحی چاوەڕوانکراو لەدایك دەبێت. ئەو نیشانەیەش ئەستێرەیەکی مەزنە، کە ڕێگاکە نیشان دەدات بۆ لای مەسیحی لەدایك بوو. ئەو ئەستێرەیەش چەند سەد ساڵێك پێشبینی کراوە لە پەڕتووکی ژمارەکان، چوارەم پەڕتووکی تەورات. (ژمارەکان17:24 بخوێنەرەوە.

600 ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی حەزرەتی دانیال و پادشا داریوس، هەرچۆنێك بووبێت پیاوانی ژیرو ئەستێرەناس لە کوردستاندا مابوونەوە و پێشبینیەکانی حەزرەتی دانیالیان لەیاد نەچوو بوو، بێگومان باوباپیرانمان چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بوون ئەستێرەی مەسیحی لەدایك بوو ببینن. بەڵنیاییەوە ئەو ڕۆژە هات کە پیاوانی ژیرو دانا واتە باوباپیرانمان لە ڕۆژهەڵاتەوە ئەستێرەی مەسیحی لەدایك بوویان بینی و کەوتنە دوای ئەستێرەی بینراو بۆ ئەوەی پادشای لە دایك بوو ببینن. کاتێك گەیشتنە شوێنی مەبەست و چوونە ژورەوە، منداڵەکەو دایکیان بینی، دانەوین و کڕنوشیان بۆ برد و گەنجینەکانیان کردەوەو زێڕو بخوردو موڕیان پێشکەش کرد.

(مەتتا2"12-1 ) بخوێنەرەوە.

دوو هەزار ساڵ لەمەو پێش باوباپیرانمان (میللەتی کورد) بەشداریان لە دایك بوونی عەمانوێل کرد واتە (خودا لە گەڵمانە) ، کاتێك عیسای مەسیحیان بینی دانەوین و کڕنوشیان بۆ بردو، گەنجینەکانیان پێشکەش کرد.

خوشك و برایانی خۆشەویستم هیوادارم من و تۆش، وەك باوباپیرانمان ئەم جەژنە. واتە یادکردنەوەی دوو هەزار ساڵ بەسەر تێپەڕ بوونی جەژنی لەدایك بوونی مەسیح بکەین. بەستایش کردن و دڵی خۆمانی پێشکەش بکەین. بێگومان ئەمڕۆ چاوەڕێی سەردانتەو هەمو خواستێکی ئەوەیە بتناسێت و بیناسیت..

# بێ هیوایی لەگەڵ هیوا

سابیری سەندیكا

saberamerica@gmail.com

خوێنەرانی بەڕێز..

ئارەزوودەكەم ئاماژەبۆئەم دوو ووشەیەبكەم: بێ هیوایی لەگەڵ هیوا: سیتمی نوێی عەولەمەو (جیهانگیری) دیارە جیهانیش وەكو گوندێكی بچكووكی لێهاتووە. لەگەڵ ئەم هەموو پێشكەوتنەدا, ئایا بۆچی و لەبەرچی تاكەكانی كۆمەڵ ژیان لەبێ هێوا بووندا دەبینەوە؟ بەواتایەكی تر هیوا شتێك نیە بەخواستەكان, تەكنۆلوجیا..

هەتاوەكو بەجیهانگیری لەژیاندا پڕبكرێتەوە. بیگومان دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش ئەم پرسیارە جیگەی باس بوو لەناو قوتابیەكانی عیسای مەسیح !! عیسای مەسیح لەخاچ دراو مردو خرایە ناو گۆڕ! بەڵام... بەڵام...! تاوەكو ئەو ڕۆژەی عیسای مەسیح هاتە ناوەڕاستی نێرراوان, پێی ووتن! (سڵاوتان لێ بێت) ئەوەبۆچی واسەرتان لێ شێواوە؟ بۆچی بیری وادی بەدڵتان؟ ئاوها نووسراوە, پێویست بوو عیسای مەسیح ئازار بكێشێو بمرێو دوایی لەڕۆژی سێهەم زیندوو بێتەوە!! (لۆقا 24 - 36 - 46 )بەڵی زیندووبێتەوە! چونكە ئەو زیندوو بوو نەوەیە بوو هیوایەكی سەر لەنوێ لەناو قوتابیەكاندا دروست كرد, هیوایەك كەهەرگێز بێ هیوا نەبن بۆ ژیان و ژیانی هەتا هەتایی. هیوایەك كە ناخۆشی و چەوسانەوەو داگیركردن و كوشتن.. ناتوانی خۆی لەبەر دەمدا ڕاگرێ. بۆیە منیش بەباشی دەزانم تاكی كورد, پێویستە كەسێتیە لاوازەكەی لەناسینی مەسیحدا بەهێز بكات, خوشك و برا پیرۆزەكان: یادی جەژنی لەدایك بوونی عیسای مەسیح لەخاچدان و هەستانەوەی عیسای مەسیحتان پیرۆزبێت. بەهیوای ئەوەی كەساڵی نوێ, ساڵی گەیشتن بەئاواتە دێرینەكانیان بین و ساڵی ئارامی و ئاشتی و بووژاندنەوەبێ..

هیوادارم بمتوانیبی بەم هەنگاوەگرنگ و پێویستە هەڵستابم . بەهیوای ئەوەی سودمەندبێت..

# لێکدانەوەی چەمکی ئاشتی
# لەئینجیلی پیرۆزدا



مجید رشید

عیسای مەسیح لە ئینجیلی پیرۆز دا دەفەرمووێ: (ئاشتیتان بۆ بەجێ دەهێڵم ئاشتی خۆمتان دەدەمێ، بەڵام بەو شێوەیە نا کە جیهان دەتانداتێ). ڕەنگە بەر لەوەی هەوڵی لێکدانەوەی چەمکی ئاشتی بدەین وا پێویست بکات بزانین پێناسەی ئاشتی چیە! هەندێك دەڵێن: ئاشتی واتە دۆخێکی ئارامی بێ شەڕوشۆڕ. هەندێکی دیکە پێیان وایە ئاشتی بریتیە لە پەیڕەوکردنی بنەمای ڕەتکردنەوەی ئاژاوە. ئەمە جگە لەوەی کە سیاسەت و ئاین و کۆمەڵگە و کەلتوورە جیاوازەکانیش دیدگەی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ ئەم چەمکەو بە گوێرەی ویست یاخود فەلسەفەی کۆمەڵگا پێناسە و شیتەڵکاری بۆ دەکەن.

بەڵام ئینجیلی پیرۆز نە بە گوێرەی کۆمەڵگا و نە بە گوێرەی ویستی مرۆڤیش باس لە ئاشتی ناکات و هەڵبەتە ئەو ئاشتیەش کە مرۆڤایەتی بانگەشەی بۆ دەکات ڕەتی دەکاتەوە و ئاشتیەکی دیکە ئەوەی کە دوورە لە تێڕوانین و هزری ئێمەی مرۆڤی سنووردار- دەخاتە بەردەم، واتە ئەو ئاشتیەی کە یەکەم شت ئاسمانیە و لە خوداوە سەرچاوە دەگرێ، ئاشتیەك کە بە هەموو مانایەك ڕەتکردنەوەی شەڕ و ئاشوب و ئاژاوەیە، ئاشتیەك کە ڕەگ و ڕیشەی لەناو قووڵایی ناخی مرۆڤدا دادەکوتێ و وای لێدەکات ببێت بە کوتلەیەك لە ئاشتی و ئاشتیساز بێت. مەسیح دەفەرمووێ: (بەڵام بەو شێوەیە نا کە جیهان دەتانداتێ)، بۆچی؟ ئاشتی جیهان چ نەنگیەکی تێدایە؟ ئەگەر بمانەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە وەربگرین، وا چاکە سەیری ئەو ئاشتیە بکەین کە لەناو کۆمەڵگاکەماندا باوە و بوونی هەیە، ئەو ئاشتیەی لای ئێمە مانان بوونی هەیە شتێکی

سنووردارەو تا ڕادەیەك پێی دەووترێ ئاشتی، بەڵام کاتێ بارودۆخێکی وا دێتە کایەوە هەڵوێستێکی جیا لە

ئاشتیخوازانە وەرگرین، پەنا بۆ شەڕ دەبەین، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئاشتیەکەمان ئاشتیەکی خۆکردەییە



نەك خودایی، بە کوردیەکەی خۆمان ئاشتیمان ئاشتیە و شەڕیشمان شەڕ، چونکە ئێمەی مرۆڤ هەمیشە حەز دەکەین ئەگەر لایەنی بەرامبەر ئاشتیخواز بێت ئێمەش هەروەها، بەڵام ئەگەر شەڕخواز بێت ئەوا ئێمەش دەست بەستراو نین و ئەگەر شەڕەکە بە قەپۆز شکانیشمان تەواو بێت هەر دەیکەین. ئاشتی لە مەسیح دا ئەوەیە تۆ وەك مرۆڤێکی کاردەستی کارخانەی خودا یەکەمجار دڵ و هزر و دەروونت بە ئاشتیەوە بەند و گۆش بکەیت و تەنانەت ئەگەر خراپەشت بەرامبەر کرا لە هەڵوێستی جوامێرانەی خۆت پاشگەز نەبیتەوە و دان بەخۆتدا بگریت و بەسەر تووڕەییەکەتدا زاڵ بیت، چونکە لە جیهاندا غیرەت و پیاوەتی وشان شەوکەت و هێزداری ئەویە ئەوەی کێشای بە ناو دەمت تۆش بکێشی بەناو چاوی، بەڵام ئینجیل دەفەرمووێ ئەوی کێشای بەلای ڕاستت ئەوەی دیکەشی بۆ ڕاگرە، بۆچی؟ بۆئەوەی تۆ لە جیاتی ئەوەی تۆڵەسێن بیت و شەڕ بکەیت ئاشتیخواز بیت و هەوڵی ئاشتبوونەوە بدەیت، مەبەستت ئەوە بێت شەڕ ڕاگری نەك ببیتە لایەنێك لەلایەنەکانی بەرپا بوونی، غیرەت و هێزداری لەوەدایە، جا گەر تۆ وات کرد ئەوا مانای وایە ئاگرێکی زۆر مەترسیدار هەڵگیرساوە و پێویستی بە لیترێك بەنزین هەیە بۆ ئەوەی بەتین گڕ بگرێت و سووتانێکی کارەساتباری لێبکەوێتەوە، بەڵام تۆ لە جیاتی ئەوەی ببیتە بەنزین،بیری ئاشتیخوازانەی مەسیح وات لێدەکات ببیتە لیترێك لە ئاو و ئاگرەکە بکوژێنیتەوە. بڕیاری شەڕکردن و تۆڵەسەندنەوە زۆر ئاسانە، وەلێ سازدانی ئاشتی کارێکە قوربانیەکی یەکجار زۆری دەوێ. زەمینەیەکی تا بڵێی تۆکمە و پتەوی گەرەکە. ئەو ئاشتیەش کە خودا لە مەسیحدا دەیەوێ فێرمانی بکات ئەوەیە تا مردن ئاشتیخواز بە و بیر لە شەڕ مەکەوە، ئەگەر خراپەشت دەرهەق بکرێ تۆ بە دوای چاکەدا بگەڕێ و هەوڵی ئاشتی بدە. مەسیح دەفەرمووێ:( خۆزگە دەخوازرێ بە ئاشتیسازان، چونکە بە ڕۆڵەی خودا ناو دەبرێن). ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە زەمینەی ئەو ئاشتیە لەناو بیر و هزرمانە بیر و هزریشمان بەرهەمی ئەو فەلسەفە و بیر و باوەڕەیە کە پێی گۆشکراوین، کەواتە لێرەدا ناتوانین بە ئاشتیانە بیر بکەینەوە گەر ئەو بیر و باوەڕەی کە هەڵمانگرتووە هەڵێنجراوی بیری ئاشتی نەبێ. بۆیە من وای بەچاك دەبینم گەر بەڕاستی ڕووەو ئاشتی و ئاشتەوایی بین.

# کێ هەڵگری رۆحی شەیتانە

شوان کریم



کاتێ مەسیحی پیرۆز دەگەرا لە ناو خەلک و کاری چاکەی دەکرد . فەریسیەکان هانی خەلکیان دا بەرد بارانی بکەن و رسوای بکەن .لە کاتێکا مەسیح هیچ خراپەیەکی نەبوو جگە لە چاکە .فەرموی (ئایە لەسەر کام چاکە وام لێ دەکەن) لێرەدا منیش پرسیار لە حکوموتی هەرێم دەکەم لەسەر کام چاکە گەل گولەباران دەکەی لێرەدا دەمەوێ باسی خراپەکانی ئەو سەرکردانەتان بۆ بکەم کە بەسەر گەلیان هێناوە .باسی کۆن ناکەم لە سالی ٩١وە دەست پێ دەکەم . دوای راپەرین ..دوژمنایەتیتان خستە ناو گەل بە هۆی حزبایەتیەوە . شەڕی براکوژیتان دروست کرد بەهەزاران رۆلەی ئەو گەلەتان بە کوشت دا ئەمە جگە لە زیانە مادیەکانی گەل .هەرێمێکتان کرد بە دوو بەش چەندین کەس سەرگەردان بوو. شوان کریمرۆژانە ئێران تۆپ بارانی خەلکی رەش رووت دەکات و زیانی گیانی و مادی بەردەکەوێ .رۆژانە تورکیا بە فرۆکە بۆردمانی ناوچەکانی باشوردەکات رۆژانە خەلکی بێ مال و حال دەبێ و دەکوژرێ .خەلک نانی نیە بیخوات .ئێوەش هەر رۆژەو لە ولاتێک بۆ کەیف و سەفا دەرۆن . موچەی زۆر خەلکتان بڕی . موچەتان کردە نیو . دوایی کردتان بە چارەکە موچە . لە کوتایدا دەتانەوێ هەر موچە نەدەن . ..بەلێ سەرەرای ئەو هەموو خراپانە میلەت ئەو هەموو چاکانەی لەگەل کردوون کە دەنگی نەکردووە . ئێستاش کە میلەت ژیانی نەما تەنها ووتی بۆ وامان لێ دەکەن . ئێوەش لە جیاتی پاداشت گولە بارانیان دەکەن . ئادەی زەحمەت نەبێ دەتوانن پێم بلێن لەسەر کام چاکە میلەت گولە باران دەکەن؟؟بەراستی سەرانی کوردی باشور هەلگری رۆحی شەیتانن. چونکە تەنها شەیتان بەکاری چاکە دل گرانە...



# مەسیح

# لێوان لێو لە خۆشەویستی

هەردی سەردار

[خۆشەویستی پشوودرێژییە، خۆشەویستی نیانییە. خۆشەویستی ئیرەیی نییە، شانازی نییە، لووتبەرزی نییە. بەدڕەوشتی نییە، بۆ خۆی داوا ناکات، زوو تووڕە نابێت و خراپەکان تۆمار ناکات. بە خراپە دڵخۆش نابێت، بەڵکو بە ڕاستی دڵشاددەبێت. بەرگەی هەموو شتێك دەگرێت، باوەڕ بە هەموو شتێك دەکات، هیوا بە هەموو شتێك دەخوازێت، بۆ هەموو شتێك ئارام دەگرێت. خۆشەویستی هەرگیزنافەوتێت، بەڵام ڕاگەیاندنی پەیامی خودا دەوەستێت، قسەکردن بە زمانە ڕۆحییەکانیش کۆتایی پێدێت، زانیاریش نامێنێت، ]

( یەکەم کۆرنسۆس ١٣ : ٤ - ٨ )

یەکێک لە پایە بەهێزەکانی مەسیحیەت خۆشەویستییە ، کتێبی پیرۆز لێوان لێوە لەخۆشەویستی ، خوداوەند ڕێنمونی تەواومی مرۆڤایەتی ئەکات بۆ خۆشەویستی ، ئێمەلێرەیا سێ چەمکی خۆشەویستی ئەخەینە ژێر پرسیارەوە تابزانین کتێبیپیرۆز چۆن باس لە چەمکەکانی خۆشەویستی ئەکات .

★ چۆن بزانینین خوداوەند ئێمەی خۆش ئەوێت ؟ خوداوەند چی کردووە لە پێناوئێمەی مرۆڤ ؟

★ چۆن ئێمە خوداوەندمان خۆش بوێت ؟

★ چۆن یەکتریمان خۆشبوێت ؟

هەریەکە لەمانە بنەمای تایبەتی خۆی پێبەخشراوە لەلایەن خوداوەندەوە ، لێرەیائەمانەوێت ڕوناکیەک بخەینە سەر کتێبی پیرۆز بۆ ئەوەی خۆشەویستی خوداوەندببینین و ببیستین ، وە بتوانین باوەڕێکی پتەو بچەسپێنین لە ناخماندا کەدوربێت لە ڕقو قینە .

# GOOD NEWS

No.: (3)
January
2018

**THE GOOD NEWS IS A QUARTERLY MAGAZINE ABOUT DIFFERENT ASPECTS OF KURDISH CULTURAL**

## MAN DOES NOT LIVE BY BREAD ALONE, BUT MAN LIVES BY EVERYTHING

### شاری هەڵمەت قوربانی ئەوناوە یە کە شاری سلێمانی پێ ئەناسرێتەوە

سابیری سەندیکا

چونکە هەمیشە سلێمان بەرخودان وڕوبەڕو بوونەوەی کردۆتە درشمی خۆی، لەپێناو سەر فرازی و دەستەبەرکردنی ئازادیدا ئەمە ئەو خەسلەتەیە کەهیچ یەکێك و دەستەڵاتە یەك لەدوای یەکانی عیراق، نەیان توانیووە سەری پێدانەوێنن. سیاسەتی [تەبعیس،تەعریب،تەحیل] ئەو دووشمەی ترسناکە بوو،کە ڕژێمی ڕوخاوی بەعس،هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی پێنەدا لە کوردستان و سلێمانی بەتایبەتی،هەربۆیە دەیان ناوەندی سەرکوتکاریی لەم شارەدا دامەزراند بۆ چاو ترساندن و تۆقاندانی خەڵکی شار بەڵام نەیتوانی مەرامەکانیان جێبەجێ بکەن و بەم هەنگاوە چەپەڵ و شوڤێنیانەیان ورەی خەڵکی شار بەرزتر ئەبۆوەو زیاتر بەگژ ئەو دەستەڵاتە دیکتاتۆری ڕژێمی بەعسدا ئەچوونەوە. ئەمنە سورەکە ی سلێمانی،دوا هەڵی بەعسیەکان بوو، بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادی خوازان لەسلێمانی، بەڵام ئەم تەقەلایەشیان سەری نەگرت و دەنگە ئازدەکان زاڵ بوون بەسەر چەوسانەوەو قەتڵ وعامدا .



### چی بۆ شەوی یەڵدا بڵێم

ئیبراهیم عەبدالله

باسی لەناڵەی عیشق بکەم
یان خوێن ڕشتن باس لە
درێژترین شەو بکەم یان
یاری بەچارەنوس کردن
باس لە شەوی یەڵدا بکەم
یان ترس و ڕاونان و گرتن
دەپێم بڵێن ئیرە کوێیە من
هەرێمێك پێ دەزانم
سەرانی زەرووی خوێنمژن
مافی پاراستنی میللەت لە
ئەستۆی مافیاو پیاو کوژن
نە بە وشە و نە بەهاوار و نە
بە قیژە کەس گوێبیستی
دەنگمان نابێت لەم زیندانە
گەورەیەدا ماف تاساوە لە
گەرووی نەهەنگ خنکاوە
ڕووی ئاوێنەیەکی شکاوە...